# ئافرەت لە مێژوودا

(کورتەباسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی)

کەمال مەزهەر ئەحمەد

ناوی کتێب: ئافرەت لە مێژوودا
(کورتەباسیکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی)
نوسینی: کەمال مەزهەر
چاپی یەکەم: 1981 بەغدا
چاپی دووەم: 1996
Kvinnor innom historja
I.S. B. N – 91 – 972491-1 – 4

بڵاوکردنەوەی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا 2008
نووسینەوەی کتێب: بەناز ڕەزا

## پێشەکی

" ئافرەت نیوەی کۆمەڵە "، " ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نیە"، "کۆمەڵ بێ ئافرەت وەک مەلی تاک باڵە". قسەی لەم جۆر و بابەتە فەرهەنگی هەموو زمانێکی پڕ کردۆتەوە. ئیمرۆکە بە دەگمەن خوێنەواری وا هەڵدەکەوێت لە دڵیشدا نەبێت بە سەرزاریی لەیەنگری مافی تەوای ئافرەت نەبێت. خوا هەڵناگرێ هی ئەوتۆش زۆرە لە دەرەوە ئالای یەکسانی و لە ماڵەوە تێڵای بێسانیی هەڵگرتووە. هەر چۆن بێت مەسەلەی ئافرەت و شوێنی لە کۆمەڵدا باسێکی گرنگە و هەموو کات لێدوان و لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت.

لەم چەندانەدا لێکۆڵینەوەیەکم لە یەکیەتی ئافرەتانی عێراق -ەوە بۆ نرخاندن بۆ هات. لە کاتی هەڵسەنگاندنیدا هەستم کرد کەرەستەیەکی باشم دەربارەی ئافرەت لا کۆبۆتەوە کە بۆ بەرهەمێکی مێژوویی و هەمان کات کۆمەڵایەتی دەست دەدات. بە دڵیش حەز دەکەم دیاریم بۆ هەموو کۆڵەکە گرنگەکانی گەلەکەم هەبێت. کەواتە دەبوو ئەم بەرهەمە لە دایک بێت.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە زۆر و جیاوازن، بەشێکیان دێڕ دێڕ لەم گۆڤار و لەو ڕۆژنامە کۆکراونەتەوە، بەشێکیشیان سەرچاوەی فەلسەفی و ئەنسکلۆپیدین و ئەوانی تریان سەرچاوەی گشتین کە کتێبی ئەوتۆیان تێدایە بۆ مەیدانی خۆی قووڵ و بەنرخە بەڵام بۆ ئەم بەرهەمەی من تەنها چەند دێڕێکم لێ وەرگرتوون*.

هەر چۆنێک بێت هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکم کردبێت بەلای خۆمەوە بەر لە هەموو شت ئەم بەرهەمە دیارییەکی بچوکە بە دڵ پێشکەشی دەکەم بە ئافرەتی سەربەرزی کورد، بەو دایک و خوشک و کیژە دڵسۆزانەی سەرمان پێیان گەیشتۆتە کەشکەلانی فەلەک!

---

* بەوێنە : عبدالله عفیفی، المراه العربیه فی جاهلیتها و اسلامها، الاجزاء 1- 3 القاهره، بلا.

**بەهاری کورتی ئافرەت**

- ئافرەت و کشتوکاڵ
- پەیدابوونی خێزان
- مێردزۆریی
- چۆن باوک منداڵی خۆی ناسییەوە
- کەڕولاڵەکانی ڕۆژهەڵات.

لە سەردەمێکی زۆر کۆنی مێژوودا نەبێت کە ئافرەت تێیدا یەکەمی کۆمەڵێکی یەکجار سادە و ساکار بوو، ئیتر لەوەدوا ئافرەت هەر زەلیلی ماڵ و ژێردەستەی ئاغایەتی پیاو بووە. ئەو بارەی سەرشانی ئافرەت تا ئیمڕۆش لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی جیهاندا هەر وەک جاری جاران قورسە. لە ڕوانگەی تێکڕای مێژووی بەسەرهاتی ئافرەتەوە دەتوانین زۆربەی ئاڵ و گۆڕەکانی کۆمەڵ و ڕادەی بەرەوپێشچوونی ببینین.
سەرەتا کە مرۆڤ نیمچە ئاژەڵیکی بێ پەروا بوو ئافرەت گیرۆدەی هیچ بەندێک نەبوو، ئەوسا کە شتێک نەبوو پێی بووترێ خێزان. هیچ پیاوێک منداڵی خۆی نەدەناسیەوە، لەو وابوو ئافرەت وەک درەخت بەر دەگرێت، پیاویش نەبێت ئەو زاوزێی خۆی هەر دەکات. لەبەر ئەوە منداڵ تا لە خەم دەرەخسا تەنها بەکۆڵی دایکیەوە بوو.
بەخێوکردنی بەو جۆرەی منداڵ زۆر ئەرکی ژیانی خستە سەرشانی ئافرەت. ئەمیان بە پێچەوانەی پیاوەوە، دەبوو مشووری خۆراک و پۆشاک و پاراستنی خۆی و منداڵەکانی بخوات. ئافرەت زۆر لە پیاو زیاتر عەوداڵی بەروبوومی دارو درەخت و گژ و گیا بوو، بۆ یەکا واپێدەچێت کشتوکاڵ - یەکەم بەردی بناغەی شارستانی مرۆڤ - بەرهەمی بیری ئەو بێت کە دیسان واپێدەچێت ئەوسا لە بیری پیاو تیژتر بووبێت.
ئافرەت و کشتوکاڵ واتێکەڵ بەیەک بوون کە ئەو، نەک پیاو، بووە خواوەندی پیت و بەرەکەت لە سەرەتای پەیدابوونی ئاینداا. ئەو سەردەمەش کە بیری ساکاری مرۆڤ بۆ ئەوە چوو قوربانی بداتە خوا دەستکردەکانی خۆی بەو نیازەی دڵیان نەرم بێت بەڵکو گەشە بە بەرهەمیساڵەنەی بدەن و لە بەڵای ناگەهان دووری بخەنەوە. ئافرەت بووە قۆچی ئەو قوربانیە. لە زۆر شوێن بەر لە تۆو وەشاندن بازی ڕەشی بەخت بەسەر کچێکی گەنجەوە دەنیشتەوە کە ونجن ونجن دەکرا و پارچەکانی وەک موفەڕک تێکەل بە خاکی کێڵراو دەکرا. ئەستیکەکانی مەکسیک لەگەڵ سەرەتای پێگەیشتنی گەنمەشامیدا سەری کچێکی گەنجیان بۆ دەکردە دیاری دەستیانو بەخوێنی گەرمی ئاورشێنی گوڵە زەردەکانیان دەکرد، لەگەڵ دروێنەشیدا داپیرەیەکیان کەوڵ دەکرد و پێستەکەیان پێشکەشی مەلاگەورە دەکرد نەبا سەرما، خوانەکردە، زەفەری پێ بەرێت.
ئافرەت سەرەتا گەنم و جۆی دۆزیەوە، بەڵام دوایی فێری چاندنی بەرهەمی تری وەک کەتانیش بوو. ئەمە بیری ئافرەتی خستە سەر ڕێگەی چنین کە بەرهەمێکی گرنگی تری شارستانی کۆنە. لەو ڕۆژەوە چنین و دەرزی و درومان بوونە پیشەی ئافرەت.
بەڵام ئەوساکە درومان بە نیوەیی بوو، پیاو کە لە ڕاو و شکار دەهاتەوە خۆی پێستی نێچیرەکەی کەوڵ دەکرد و ئینجا بە چیچکانەوە دەکەوتە درومانی. دیاردەی هەرە گەورە و بە کەڵکی ژیان ئەوەیە کە ناتوانێت لە عاستی خۆیدا بوەستێت. بە پێی ئەو یاسا چەسپاوە مرۆڤی سەردەمی کۆن هەرچەند لەسەرخۆ بەڵام بێوچان هەنگاوی بەرەو پێشەوە دەنا، نەوە دوای نەوە ئەرکی زیاتر دەبوو تا وای لێهات نەتوانێت بە تەنها ژیانی ڕۆژانەی بەڕێوەبەرێت، دەبوو هەریەکە لە لایەک لە ئەرکەکانی ژیان بگرێتە ئەستۆ. واتە دابەش کردنی کار هاتە ناوەوە. بەم جۆرە ژیانی پێکەوەیی ئادەمیزاد و دروست بوونی خاو خێزان خۆی داسەپاند. ئەم کارە لەڕەوڕەوەی بەرەوپێش چوونی ئادەمیزاد نەک هەنگاو. بەڵکو بازێکی یەکجار گەورە بوو.
لەگەڵ ئەوەش ئافرەت دەسەڵاتی خۆی نەدۆڕاند. منداڵ هەر بە ناوی دایکیەوە ناو دەبرا، خاڵوان پشتی ڕاستەقینە و جێگەی بڕوا و متمانە بوون. عێل و هۆز و تیرە لە دایکەوە دەستیان پێدەکرد. ئەوسا شتێک نەبوو پێی بڵێن گواستنەوەی ئافرەت بۆ ماڵە مێرد. لانەی

کامیان باشتر بوایە ئەوی تریان دەچووە خزمەتی، زۆربەی جاریش وا ڕێک دەکەوت زاوا بە خۆی و شڕوشیتاڵیەوە ڕووی دەکردوە ماڵە بووک.
جیابوونەوەش بە دەست ئافرەت بوو، کەی گەیشتە ئەو بڕیارە دەبوو بێ سێ و دوو ماڵ و منداڵ و هەوێکانی (!) بە جێ بهێڵێت. ئەو ڕۆژگارە لە چین ماڵ و ناو ماڵ هەمووی هی ژن بوو نەک پیاو کە تەنانەت بە دەگمەن و زۆرجار بە پەلە تەنها بۆ کاری خێر سەری دەکرد بە ماڵدا. ئەو سەردەمە ئافرەت مێردی بە چەند پیاوێک دەکرد و بۆ خۆشی ئەوانی هەڵدەبژارد.
شایانی باسە تاوەکو ئێستاش چەند هۆزێکی هەرە دواکەوتووی ئاسیاو ئەفریقیا پەیڕەوی ئەو نەریتە دەکەن. لە مالیزیا هۆزی ئەو تۆ هەیە کچ تێیدا شوو بەچەند برایەک دەکات، هەر شەوەی لەگەڵ یەکێکیان دەنوێت، دەستە برا دەبنە هەوێی یەکتر و کەم وا ڕێک دەکەوێ دانوویان بەیەکەوە بکوڵێت.
لەگەڵ زیاتر چەسپ بوونی دابەشکردنی کار و زیاتر جێگیر بوونی پیاو لە شوێنێکدا دیاردەی مێرد زۆریی بەرەو پووکانەوە ڕۆشت، فێربوونی بەخێوکردنی ئاژەڵ دەوری گەورەی لەمەدا بینیی. بەر لەو فێربوونە پیاو بە ڕاو و شکارەوە خەریک بوو. لەم لاو لەولا بە دوای نێچیردا دەگەڕا بۆیەکا کەم دەکەوتەوە ماڵەوە.
بەڵام وا بەشێک لە ئاژەڵی دەستەمۆ کرد و کەوتە پەروەردە کردنیان، کەواتە ئەو گۆشتەی عەوداڵی بوو هاتە بەردەستی بۆیەکا وەک جاری جاران پێویستی بە ڕاو و شکار نەما، مەگەر بۆ گۆشتێکی ناسکی وەک ئاسک و پۆڕ جار و بار تیروکەوانی هەڵبگرتایە و بەرەو لووتکەی شاخ و ناو دارستانەکان بکەوتبایە ڕێ.
بەم جۆرە پیاو گەلێک لە جاران زیاتر بە ماڵەوە بەسترایەوە، کەلوپەلی زۆر بوو، زیاتریش دەی ناسینەوە. وردە وردە لەوەش گەیشت کە ئافرەت وەک دار بەرناگرێت. لەمەدا خێری ئەو ئافرەتە ناشرینانە بنوسرێ کە پیاوان توخنیان نەدەکەوتن! کەواتە منداڵانی ئافرەت دەبێت هەر یەکەیان هی یەکێک لە مێردەکانی بێت. ئەمە ڕێگەی بۆ تاک مێردیی خۆش کرد، چونکە بێ ئەو نەدەکرا پیاو منداڵی خۆی بناسێتەوە. ئەو منداڵەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێوەی دەلکا و خۆش تری دەویست. وێڕای ئەوە دیار نەبوونی باوک بەهۆی زۆرمێردییەوە دەبووە هۆی بەرەوڕوو بوونەوەی میراتی بۆ کەس و کاری دایکی کە گومان لە شیرازەی خزمایەتیاندا نەبوو. کەواتە ئەو پیاوەی دەمرد بەو داخەوە سەری دەنایەوە کە نەیدازانی کام لەو زارۆڵانەی ساڵەهای ساڵ لە گەڵیان ژیاوە دەقا و دەق هی ئەون.
تەنانەت گومانیشی لەوانەشیان دەکرد کە کتومت چووبوونەوە سەر خۆی. ئەمە نە لەگەڵ هەست و ئارەزووی مرۆڤ و نە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا نە دەگونجا. بەم جۆرە ڕێگەی دروست بوونی خێزانی تاک مێردی هێندەی تر خۆش بوو.
سروستیش دەوری خۆی بینی. ئادەمیزاد هەر چۆن بوو لەوە گەیشت کە بەرهەمی ئەو زاوزێیەی لە ژن و مێردی خزم دەکەوێتەوە وەک ئەو بەرهەمە لەش ساغ و چاپوک و چالاک نییە کە لەو ژن و مێردانە دەکەونەوە کە بە خوێی چێشت بەیەک ناگەن. هەر لەبەر ئەوەشە ڕۆژهەلاتی ئێمە، بە پێچەوانەی ئەوروپاوە پڕ لە گێل و کەڕ و لاڵە.
کەوابێ ژیانی خێزانی ڕێک و پێک و خستنەوەی نەوەی لێ هاتوو لەگەڵ ڕەشبەڵەکی ناو دەستە و دایەرەیەکی تەسکدا نە دەگونجا. زۆر جاریش ژنخوازیی لە عێل و تیرەی تر دەبووە پشت و مایەی دەسەڵات و زۆر بوونی سامان.
پێکڕا هەموو ئەمانە خێزانی نوێیان بۆ مرۆڤ داتاشی.

بەڵام بە پێی نەریت تا ماوەیەک ئافرەت سەرتاپای دەسەڵاتی لەم جۆرە خێزانەدا نە دۆڕاند و کۆتەڵی بە جارێک نەڕووخا.

پایە بەرزی ئافرەتی زۆر لە ئاینیشدا ڕەنگی دایەوە. بە شێکی زۆر لە خواوەندە دەستکردەکانی کۆن ئافرەت بوون. بتەکانی مەکە لە شێوەی ژندا دروست کرابوون. بەر لە عیسا لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا لە ئیتالیا بت پەرستی ئەوتۆ هەبوون بە چەقۆ بەردەبوونە زەکەریان تا وەکو زیاتر بچنەوە سەر ئافرەت!

## ڕۆژی ڕەشی ئافرەت

- داوێنپیسی
- عەبا و پەچە
- کوڕپەرستی
- ژنزۆریی
- کۆڕنیلیا و میسالینا
- مەکر و جامبازی ئافرەت
- پیاوی ژنانی
- دیوەخان و چایخانە
- حەمامی ژنان
- سووراو سپیاو

بەهاری ئافرەت تەمەن کورت بوو. زۆری نەبرد ژیانی خراپ تای تەرازووی بە لای پیاودا شکاندەوە. ئافرەت یەک لە دوای یەک مافەکانی لە کیس چوون، لە خۆر شوێن بووە کەلوپەلێکی هەرزان، بووە کارەکەر و کەنیزەک، خۆ گەر خۆ وبەخت جوانی بۆی بهێنایە ئەوساکە ئەو پەڕەکەی دەبووە بووکەشووشە، یان بووکە سەماکەرەی پیاو.
بەشێک لە دیاردە نالەبارەکانی باری ژیانی نوێی ئافرەت شێوازی هەڵگەڕانەوەی نەریتی کۆن بوو. بۆ ئەوەی ئەم باسەمان پێ قووت بدرێت پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە دەست هەڵگرتن لە نەریت کارێکی ئاسان نیە. هەروەها چەند کۆمەڵ دواکەتووتر بێت هێندە زیاتر پەرۆشی نەریتی کۆن دەبێت، گەلێک جار بەر لەوەی دەستی لێ هەڵبگیرێت بەرگێکی نوێی بە بەردا دەکرێت.
کە خێزانی نوێ پەیدا بوو لە گەلێک شوێن و ناوچە زۆرمێردی کۆن بەم جۆرە ڕەنگی دایەوە: شەوی یەکەم ئەو خزم و هاوڕێ یانەی بۆ ئاهەنگی گواستنەوە بانگ دەکران بەر لە زاوا یەک بە دوای یەکدا بە نۆبووک دەگەیشتن. تاماوەیەک لەمەوبەر زۆر هۆزی دواکەوتووی ئەفریقایی بە شانازیەوە پەیڕەوی ئەم نەریتەیان دەکرد. ئاغا و دەسەڵاتداری گەلێک ناوچە و مەڵبەند ئەم نەریتەیان قۆستەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کردیانە ماڵ بەسەر بووکی مسکێنەکانەوە کە شەوی یەکەمیان بۆ جەنابی ئاغا بوو.
شایانی باسە دانەری بناغەی لێکۆڵینەوەی مێژووی خێزان زانای سویسری بەناوبانگ (یوحەننا باخۆفن) (1815- 1887) دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و قووڵ شەرەفی گەورەی دامەزراندنی خێزانی بەخشیەوە بە ئافرەت. وەک ئەو دەڵێت بەر لە پیاو زیاتر لەو قێزی لە خێزانی زۆر مێردیی دەبووەوە. باری ژیان و ناسکی هەست کارێکی ئەو تۆیان کرد کە ئافرەت زیاتر پەرۆشی پاراستنی خێزان بێت، تایبەت لەبەر ئەوەش کە تێکچوونی ئەم لانەیە زۆربەی جار ماڵوێرانی و برسێتی و سەرگەردانی بۆ خۆی و زاڕۆڵەکانی دەهێنا. ئەو ترسە کارێکی وای کرد ئافرەت بۆ پیاو دڵسۆزتر بێت وەک لە پیاو بۆ ئافرەت.

ئەمیان بە دەگمەن و ئەیان بێ دەگمەن داوێن پیسە.
ئا لێرەدا، واتە لەمەسەلەی داوێنپیسیدا، دەستدرێژی کۆمەڵ بۆ سەر ئافرەت ڕووت و قووت لە هەموو شت زیاتر خۆ دەنوێنێت. داوێنپیسیی بێ دەگمەنی پیاو تا ئەمڕۆش لە زۆر قوژبنی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا کارێکی دەستەبرای ئاساییە، کەچی داوێنپیسی دەگمەنی ئافرەت کە زۆر جار خۆفرۆشتنی ناچارییە بۆ لەتە کولێرەیەک یا گەزێک جاو ئەو تاوانە گەورەیەیە کە کەس، بە ئافرەتەکە خۆشیەوە، پێی ڕازی نابێت. لەو بڕوایەدام بە درێژای مێژوو هیچ پیاوێک لەسەر داوێنپیسی خۆی نەکوشتبێ. کەچی تا ئێستە بە هەزاران کیژۆڵەی ناسک بوونەتە قۆچی قوربانی ئەو کارە کە دەبێت بۆ هەردوو لا وەک یەک مایەی شەرم و شوورەیی بێت. خۆ ئەگەر زیاتر عەودالی ڕاستی و یەکسانی بین ئەوا دەبێت بڵێین دەبوو بە درێژایی مێژوو سزای داوێنپیسی پیاو لە هی ئافرەت زیاتر بێت، چونکە تا ئەم چەندانەی دواییش لە سەر تاپای جیهاندا پیاو مافی هەڵبژاردنی هاوسەری هەبوو نەک ئافرەت، کە زۆر جار ناچار دەبوو مێرد بە هی وا بکات کە تا مردن جێگەی لە دڵیدا نەدەبووەوە.
با لێرەدا چەند نموونەیەکی ماناداری بڕیاری بێ مانای کۆمەڵ لەم بارەیەوە بهێنمەوە. زانا و نووسەری ڕۆمانە کۆنەکان، ئەو پیاوەی یەکەم کەس بوو مێژووی بە زمانی لاتینی نووسییەوە، موفەتیشی باڵای وڵات مارکۆس پۆرسیۆس دەوروبەری 200 ساڵ پێش عیسا ڕووی کردۆتە پیاو و پێی وتووە:

"گەر بە داوێن پیسی ژنەکەتت زانی بۆت هەیە بێ ترسی دادگە و سزا یا پرسینەوە لە تووکوتی بکەیت. خۆ ئەگەر هاتوو ئەو بە داوێنپیسی تۆی زانی بۆی نیە پەنجەت بۆ بهێنێت. هەر چۆن بێت ئافرەت ئەو مافەی نیە".

دوای شازدە سەدە لەو فەرمایشتەی مارکۆس پۆرسیۆس کە دەبێت بۆ خۆی زۆر داوێنپیس بووبێت، مافی پیاو لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا بێ کەم و زۆر بەم جۆرە تۆمار کراوە:

مێرد دەتوانێ لە هاوسەری بدات و برینداری بکات، بۆ هەیە سەرتاپا دایتلیشێنێت و پێی لە خوێندا بگەوزێنێت، ئەو پیاوە گوناهی ناگات گەر ئاە لە ژنەکەیدا مابوو برینەکەی بۆ بدورێتەوە.

هەر ئەو سەردەمە زۆر جار پیاوە داوێنپیسەکان ئافرەتی داوێنپیسیان شاربەدەر دەکرد، یا ڕووت و قووتیان دەکردەوە، خۆڵ و دۆیان بەسەردا دەکرد و بەو جۆرە بە دەم هوهاوە بەناو شاردا دەیانگێڕا و ئینجا بۆ چەند ڕۆژێک بە کۆڵەکەیەکەوە دەیانبەستەوە تا پیاوان بیکەنە عیبرەت بۆ ژنان. میسرییە کۆنەکان سزای ئافرەتی داوێن پیسیان لەم دونیادا دەدا. بەڵام سزای پیاوی داوێنپیسیان کردبووە قەزای ئەو دونیا.

باپیرە گەورەی باخ و ئەنشتاین و برێخت دەیانگوت گوێ مەدەنێ، چۆنتان پێخۆشە ئاواهی پێستی ئافرەت کەوڵ کەن، بێ ترس و دوودڵیی بیگروون، دایماڵن، ئەو کافرە نۆ پێستی هەیە!

بەم جۆرە ئافرەت بووە کەلوپەلی نیمچە بێگیانی پیاو کە بەرەبەرە وای لێکرد خۆی لە بیر بچێتەوە و وابزانێت باری قورسی سەرشانی لە ژیان و سروشتەوە هاتووە نەک لە کۆمەڵەوە.

ئاژەڵ و مەلیش نەک تەنها مرۆڤ شتی خۆشەویست دەشارنەوە، بەڵام ئەوان مێینەیان نەبووەتە کەل و پەلی نێرینەکانیان تاوەکو لە چاو دووری بخەنەوە. لای مرۆڤ کار وایلێهات: لە هەر شوێنێک ئافرەتێک بۆ کار پێویست نەبوایە ماڵ دەبووە لانەی شەوو ڕۆژی.

دیارە ئافرەت وەکو کەل و پەل بێگیان نیە، هاتوچۆ دەکات و لەوانەیە بۆ کاری پێویست ڕێگەی بکەوێتە دەرێ یا بیانی و نەناسیاو ڕێگەیان بکەوێتە ماڵی. پیاوی قوڕمساخ فێڵی خۆی دۆزیەوە: جل و بەرگی ئاودامان و دوای ئەو پەچەو سەرپۆشی داهێنا کەوا پێدەچێت ئەکەدیەکان بەر لە گەلانی کۆنی تری جیهان بەکاریان هێنابێت. بیانووشی بە دەستەوە بوو، گوایە پیاو بەو کارەی دەیویست ئافرەتی خوو خراپ جیا بکاتەوە.

لە زۆر شوێن پیاو داهێنانی پەچە و سەرپۆشی قۆستەوە. هەر ئەوەندە پێغەمبەر (د.خ) ویستی دوازدە ژنەکەی خۆی بە پەچە و سەرپۆش لە ئافرەتی تر جیا بکاتەوە سەرتاپای پیاوانی مەککە و مەدینە لاساییان کردەوە. لەگەڵ گەورەبوونی پیاو زەلیل بوونی ئافرەتدا نرخی کوڕ بەرز و هی کچ نزم بووەوە. سەردەمی هەرە زوو کە هێشتا جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا دروست نەبوو بوو کەس کچ و کوڕی لێک جیا نەدەکردەوە، هەر کامیان خوا بیدایە مایەی شادی بوو. بەڵام بۆ تەمەنی مێژوو زۆری نەبرد کوڕ بووە زێرتەڵا کچیش مایەی بەڵا.

لە سەردەمی بابلیەکاندا ئەو ئافرەتەی منداڵی لەبار خۆی ببردایە، کە لەوانەبوو کوڕ بێت، تیرباران دەکرا و لاشەی دەکرایە خۆراکی قەل و داڵ. بەر لە ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەب کچ زیندە بەچاڵ دەکرا. لە هیندستان ئەو پیاوەی کە کوڕی نەبوایە، دەست و برد کچەکانی دەدا بەشوو، یەکەم کوڕی هەر کامێکیان بوایە دەبووە کوڕی ئەو، دوای شیرگۆشە جارێکی تر باوەشی دایکی نەدەدیەوە. خۆ ئەگەر پیاوێک کچیشی نەبوایە ئەوسا دەبوو خێزانی بۆ کوڕ لەگەڵ یەکێک لە برایانی یان خزمانی بنوێت! ڕۆمانەکان لە کاتی مارەبڕیدا دەیانووسی پیاو بۆ کوڕ حەبێ یان عەتێی خواستووە. خۆ ئەگەر خوانەکردە ئەو ئافرەتە کوڕی نەبوایە دەبوو مێردەکەی لێی جیابێتەوە ئەگەر چی زۆر زۆریشی خۆش بویستایە.

لە یۆنانی ڕۆژگاری پێش عیسا ئەو ماڵەی کچیان ببوایە سەرەپەتێکی خوری و بۆ کوڕ تاجە گوڵینەیەکی گەڵازەیتونی ڕازاوەیان بە بەرقاپی ماڵەکەیاندا هەڵدەواسی، یەکەمیان دەیگوت قوڕبەسەرێکمان بووە لەوانەی کاریان چنین و دەرزی و درومانە، دووەمیشیان مژدەی شادی ئیمڕۆ بەختی بەرزی دوا ڕۆژی ڕادەگەیاند. زۆر جاریش باوک ئەو سەرەپەتە پیسەی لە کیس نەئەدا، کۆرپەی قوماتنەکراوی دەبردە سەرەنوێلکێکی دوور و فڕێی دەدا. نوسەرێکی یۆنانی بەر لە دوو هەزار ساڵ شتێکی نووسیویەو و دەڵێت:

"کوڕ پەروەردە دەکرێت با کەس و کاریشی زەنگین نەبن، کچیش تووڕ دەدرێت با کەس و کاریشی زەنگین بن."

ئەو کچەش کە بەخت بۆی دەهێناو تور نە ئەدرایە سەرەنوێلک چارەنووسی بە دەست باوکییەوە لە چارەنووسی دایکی ڕەشتر دەبوو.

عیبرانیەکان کە باپیرە گەورەی جووەکانی ئیمڕۆن، کچیان لە بازاڕ دەفرۆشت. باوک بۆی هەبوو کچەکەی بخاتە کارخانەوە، یا بەرامبەر پاداشتێکی کەم کچێنیەکەی ببەخشێت بە پارەدارێک، لە سەر بێشکان بە شووی بدات، یان کەی ویستی لە مێردەکەی بیسێنێتەوە.

لەوەش سەیرتر : زۆر جار ژن دەبووە ماڵی هۆزی مێردەکەی ، گەر بەر لەوەی کوڕێکی ببوایە مێردەکەی بمردایە دەبوو شوو بکاتە یەکێک لە براکانی خوا لێخۆش بوو هیج نەبێ کوڕێکی لێ دەبوو کە بە ناوی مێردی یەکەمەوە تۆمار دەکرا.

کوڕ یەکێک بوو لەو هۆیانەی ژنزۆریان دروست کرد. ئەو پیاوەی لە ژنی یەکەمی کوڕی نەبوایە ژنی بەسەر دەهێنا، لەمیشیان نەیبوایە یەکێکی تری بەسەر دەهێنا. یەکێک لە شاعیرە کۆنەکانی یۆنان دەیگوت: "ژن هێنان بەڵایەکە و بە ملەوەیە چونکە بێ ئەو بەڵایە ناتوانین بگەینە ئەو قەڵایەی ناوی کوڕە".

هەر بەپێی فەرمایشتی ئەو گەر وا نەبێت بۆ پیاو باشترە ئافرەت بکڕێت و کەی ویستی بیخانە بەر جووت.

کە کوڕ وا بێت دایک حەقی بوو ڕۆژی هەزار و یەک جار بە بەرچاوی زەقی خوشکەکانیەوە خۆی بە دەوری سەریدا بگێڕێت.

زۆرژنیش مەینەتی سەیری بۆ ئافرەت هێنا. بە هەزارانیان لە تاو هەوێ و جیاوازکاری مێرد خۆیان کردە خۆراکی ئاگر و ماسی.

چینییە کۆنەکان زۆرجار هەموو کچەکانیان بەسەر یەکەوە دەدایە شوو، بەڵام بە یەک پیاو، خوشکانی دوێنێ دەبوونە هەوێی ئیمڕۆ، خوشکایەتی ئیتر دەوری نەدەما.

لەرز و تاو گرانەتا و ڕشانەوە و دەیان نەخۆشی تر بە گوێنی منداڵیان دەناردە گۆڕستانەکان. لە عێراق تا بیستەکانی ئەم سەدەیەش لە هەزار منداڵی تازە لە دایک بوو 290 یان گیانیان بە خاک دەسپارد. لە قوژبنی ئەم ژمارەیەوە دەتوانین باشتر باری ژیانی منداڵی زوو بهێنینە بەر چاوی خۆمان، مردنی زۆر و زووی منداڵ و پێویستی کوڕ بۆ کار، دوو خووی تریان بەسەر مرۆڤدا داسەپاند، یەکەمیان ژنهێنانی زۆر و ئەوی دیان منداڵزۆری کە ئەرکی گەورەی هەردوولایان دیسان کەتەوە ئەستۆی ئافرەت.

بە پێی یاسای ڕۆمانەکان تەمەنی شوکردن دوانزە ساڵ بوو، بەڵام بە دەگمەن کچ تا ئەو تەمەنە دەمایەوە. لە هیندوستان تەمەنی هەشت ساڵان سەر و زیادی بوو بۆ ئەوەی کچ لە بوکبوکێنی کۆڵان بکرێت و خۆی ببێتە بووکی ڕاستەقینە. هەمان کات چ لە هیندستان و چ لە یۆنان، چ لە ڕۆما و چ لە بۆرما ژن بۆی بلوایە لەبەر خاتری چاوی کاڵی مێردەکەی، باخێلیش بوایە، ڕۆژی بەلای کەمەوە منداڵێکی دەردەپەڕاند. بۆ ئەم دوو باسە بە کورتی داستانی

ئافرەتێکی ڕۆمانیتان بۆ دەگێرمەوە کە ناوی کەوتۆتە سەر لاپەڕەی مێژوو بۆیەکا ژیننامەیمان بەدەستەوەیە.
ئەو ئافرەتە ناوی کۆرنێلیایە کە پێش عیسا بە دوو سەدە ژیاوە. کچی یەکێک لە دەسەڵات دارەکانی ڕۆما بووە. زیرەکی و شارەزایی و خوێندەواری کۆرنیلیا دەنگی دابووەوە. کە مێردەکەی مرد پادشای میسر داوای کرد، چەند لەگەڵی خەریک بوون شووی پێ نەکرد، کۆرنیلیا وەک دایکێکی بەوەفا خۆی بۆ منداڵەکانی تەرخان کرد کە گەورەپیاوی ناوداریان تێدا هەڵکەوت. ئینجا با بێینە سەر مەبەست:
شیشرۆن-ی گوتەبێژ و شاعیری ڕۆمانیی بەناوبانگ دەڵێت ئەو ڕۆژەی کۆرنیلیا لاشەی مێردەکەی بەخاک سپارد هێشتا دەستە کچ (*)بوو بەڵام هەر ئەو ڕۆژەش دوازدە کوڕەکەی زەردو سوور چواردەوری تەرمی باوکیان و کۆنیلیای بێوەژنی دایکیان دابوو!
بێگومان هەموو ئافرەتانی ڕۆما وەک کۆرنیلیا نموونەی شەرەف و دایکایەتی ڕاستەقینە نەبوون. زوڵمی کۆمەڵ زۆریانی خستە داوی هەڵەوە. هەر ئەو دەوروبەرە کلۆدیۆسی پادشای ڕۆما کە لە پەنجا تێپەڕیبوو میسالینیای هێنا کە هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دەهات. میسالینای چاوخیشی گەردن گەشی ئەبرۆکەوانی بیوێرایە شەو تا بەیان لەگەڵ منداڵە وردەکانی هەوەڵی لە باخچە فراوانەکانی کۆشک و تەلاری مێردیدا دەکەوتە چاو شارکێ. زۆری نەبرد میسالینا دەستی دایە چاوشارکێیەکی تر تا لە پڕ شێت و شەیدای سیلیۆسی گەنم ڕەنگی باڵابەرزی هەرەت لاو بوو.
میسالینای هەرزەکار گرێی دڵی بۆ زۆر کەس دەکردەوە تا دەنگ و باسی خۆشەویستی بەرگوێی پاشا کەوتەوە. جارێکی تر کەس چاوی بە میسیلینا نەکەوتەوە. بۆگەنی لەش و لاری ناسکی کیژی بیست ساڵە هەموو ڕۆمای پڕکردەوە.
بێگومان نە شەکسپیر و مۆلێر و تۆڵستۆی و نە نووسەرە کەڵەکانی تری جیهان لە خۆڕا نەبوونەتە شاعیری عاشقان. ئەوانەی لە تاریکەشەودا لە تاو چاوی کاڵی یاری زەوتکراو خۆیان دەهاویشتە باوەشی مەرگەوە، یا ئەو کیژە ناسکۆڵانەی هۆڵە ڕازاوەکانی شارە ناودارەکان کە بە تیلەی چاوێک بە تیری عەشق گرفتار دەبوون و لە تاو شۆخێک دەستیان لە تەخت و بەخت و سامانی دونیا هەڵدەگرت.
وێڕای مافی جیابوونەوە کە پیاو تاکە خاوەنی بوو بێوەپیاو مافی ژنهێنانەوەی هەبوو، بەڵام قوربەسەر بێوەژن، بەدەگمەن هی وایان هەبوو جارێکی تر چاوی بە پیاو بکەوێتەوە.
لە هیندوستان هۆزی ئەوتۆ هەبوو دەبوو ژنیان لە تەک لاشەی مێرددا خۆیان بسوتێنرێن.
زۆر دوور نەڕۆین بەر لە سەدەیەک دوو میری هیندوستانی لە ڕۆژێکدا تەواوبوون، یەکێکیان حەڤدە و ئەویتریان سیازدە ژنی هەبوو.
بیست و نۆیان هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ مێردەکانیان سوتێنران، سێیەمیان لە هەوێکانی بەخت ڕەشتر بوو، لەبەر ئەوەی سکی هەبوو ڕۆڤی سوتاندنی خرایە دوای ناوک بڕینی کۆرپەلەکەی کە بە شیری مەمکی دایکی زەیستانی شاد نەبوو.
ئافرەت بووە قوربانییەکی تری ئارەزووی پیاوو یاسای کۆمەڵ، بووە داردەست بۆ زۆر کردنی سەروەت و سامان و فراوانکردنی زەوی و زار و پەرە پێدانی توانا و دەسەڵات. بە هەزاران گوڵاڵە سوورەی ماڵە هەژار لە بەندینخانەی کۆشک و تەلاری خواپێداوەکاندا بە سیل و دیق

---

* زۆربەی سەرچاوە کۆنەکان دەڵێن ئەوساکە تەمەنی کۆرنیلیا بیست و پێنج ساڵ بووە، بەڵام بە قسەی شیشرۆن دا واپێدەچێت لەوەش کەمتر بووبێت.

وشک بوونەوە. چەندان کیژی ناسک و نازدار لەبەر خاتری بستە زەویەک کرانە پەردەی ئەو دەعەجانی و جانەوارانەوە کە ڕەنگبێ خواوەندی گەورە لە وێنەیانی کردبێتە یاساوڵی تۆقێنەری دۆزەخ.
کەژاوە و تەختەڕەوانی ڕازاوە زۆر کچە میر و پاشایان لە نیشتیمان و هاوزوبان دوور خستەوە بۆ ئەوەی نەبا خوانەکردە زەبرو زۆری باوک و کاکیان کەمێک بلەقێت. ئەی چەند هەزار زاڕۆڵەی سەر بێشکە بوونە ژنی مێردار یا کچی دەم نەپشکوتوو بوونە نرخی ژنی براو ئامۆزا. قازانجی هەموو ئەمانە بۆ پیاو و زیانیشیان بۆ ئافرەت بوو.
ئافرەت بۆ پاراستنی خۆی بە ناچاری فێری مەکربازی و جامبازی، ناز و نووز و ڕشتنی بە خەربار فرمێسکی ڕاست و درۆ بوو، کەچی ئەمەش بۆی بووە لەکە. بڕوا ناکەم زمان هەبێت ئافرەتی نەکردبێتە مار.
کەوا بێت ئافرەت بۆ خۆی هەڵنەگرێت بۆ ژیانی دووەم، بەڵکو ئەمە خوایە لەو دنیا بحەسێتەوە. لە ئەوروپای سەدە ناوەنجیەکاندا بە هەزاران کیژۆڵەی نازدار ئاودامان بەرگی سپیان پۆشی و خۆیان بۆ ئایین و کلێسە تەرخان کرد. بەڵام ئەوانیش مرۆڤن، جاری وا هەبوو خۆیان پێنەدەگیراو ورەیان بەردەدا. زۆربەیان بە قەڕابەی مەی تاڵاوی ژیانیان دەڕەواندەوە. هی واشیان هەبوو مەی دادی نەدەدا، کەمێک زیاتر دەڕۆیشت. بەڵگە کۆنەکانی کلێسە پڕن لە نموونەی سەیری ئەو لاپەڕەیەی تری تۆماری گەورەی ژیانی ئافرەت. پاپا خۆی پڕ بە دەم هاواری دەکرد دەیگوت دێڕی ئاگاتا گشت ناوچەکەی پیس کردووە.
ساڵی 1300 پاپا بۆنیفێسی هەشتەم بێ سوود ویستی ڕادەیەک بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانە دابنێت. یەکێک لە بەڵگەکانی باسی ئەوە دەکات چۆن ئافرەتەکانی دێری لینکۆلن لە ئینگلتەرە نوێنەری پاپایان ڕێزگاو کرد و هەر بە بەرچاوی خۆیەوە سوێندیان خوارد تامردن دەست لە ڕابواردن هەڵنەگرن، ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوو ڕۆژی حەوت سەعات بە نوێژ و سێ سەعات بە خوێندنەوەی ئینجیلەوە بەرنەسەر.
لە ڕاستی دا کلێسە هیچی بۆ ئافرەت نەکرد، دەستی بۆ بخرایەتە ناو کاری یەزدانەوە مافی یەکسانی ئەو دونیاشی لێ دەسەندنەوە، کلێسە و دەستە خوشکانی تەنانەت خواشیان بە زۆر کردە پیاو! کلێسە مریەمی دایکی عیسا نەبوایە بە جارێ قوڕی بۆ ئافرەت دەگرتەوە، چونکە ئافرەت بەلای ئەوەوە لە ڕۆژی حەوای دایە گەورەوە تاوانبار بوو، گوایە حەوا ئادەمی باپیرەگەورەی پیاوی هاندا سێوەکەی بەهەشت بخوات. بەو بیانووە کلێسە پیاوەکانی خۆی هاندەدا ژن نەهێنن، بەڵام ڕاستەکەی دەیویست لەسەر حسێبی ئافرەت زەوی و زاری فراوانی لە میراتگر بپارێزێت تا بۆ خۆی بگەڕێتەوە. کە پیاو شوڵی هەڵکێشا کلێسە ڕەحمی تلیسایەوە بەوەی نەیهێشت بارستی ئەو شوڵکەی مێرد ژنی پێ دارکاری دەکرد لە چەند سانتیمێک زیاتر بێت.
بەڵێ دارکاریکردنی ئافرەت بووە پیشەیەکی بەرزی پیاو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دوای ئەوەی ژن بەزۆر کرایە کۆیلەو ڕەقی و سەرکێشیی بوونە سەنگی کێشانی پیاوەتی، ئەو پیاوە پیاو بوو کە کەمتر بایەخ دەدا بە ژن و ناوماڵ، وای نەکردایە لای دۆست و برادەر دەبووە ژنانی. جگە لەوە تا دەهات پیاو لە ئافرەت دونیا دیدە و شارەزاتر دەبوو، بەو جۆرەش ژیانی ناوماڵ ڕەونەقی نەما، پیاو لە بێتاقەتیان بۆ جێگایەک دەگەڕا لەگەڵ ئەوانەدا کاتی تێدا بەرێتە سەر کە وەک خۆی پیاون و بە ڕادەی خۆی لە ژیان و دەوروبەر دەگەن. ئەمە بووە هۆی پەیدابوونی دیوەخانی پیاوان لە ماڵەوە و چایخانە و گازینۆ و مەیخانە لە دەرەوە.

ئافرەتیش هیچی بۆ نەمایەوە هاتوچۆی ناو بازاڕ نەبێت. خوا هەڵناگرێت لەمەدا ئەویش کەم جامبازی نەکرد، ڕۆژی سێ جار بۆ سەلکە پیازێک بچوایەتە دوکانان لای خۆش بوو. قەت دەستی بۆ پێڵاو و بەرگی حازر نەدەبرد، هەزارویەک عەیبی لێ دەدۆزینەوە، هەر بۆ پێوانە و پەراوەوە چەند جارێک بچێتە دەرێ، بۆیەکاش بازاڕی کەوش و بەرگدروو بە درێژایی مێژوو گەرم بووە. لە خۆوە نەبوو کە بازاڕی حەمامی ژنان هەمیشە لەهی پیاوان گەرمتر بوو.
بێگومان پیاو لە ئافرەت کەمتر قسە ناکات. بەڵام ئەمیان جێگەی وەک حەمام نەبوایە شوێن نەبوو سکاڵای دڵی خۆی تێدا بکات بۆیەکا سوپاس بۆ قیژە و غەڵبەغەڵبی کە حەمامی ژنانی کردە زاراو.
پیاو بەلایەوە نەنگی بوو دەست بۆ ئەو کارانە بەرێت کە لە تاو لەشی قورسی خۆی بە زۆر بەسەر ئافرەتێکدا داسەپاندوون. منداڵ هەڵگرتن پارەی تێدا بوایە بەر ئەوی نەدەخست، وەکو تر لە هەرشوێنێک هەر کارێک لەبەر هەر هۆیەک داهاتی زۆر بوایە پەلاماری دەدا با ئەو کارە بە پێی نەریتی دەستکردی کۆمەڵ هی ئافرەتیش بوایە، هیچ شەرمی پێ نەدەهات وەک گوڵ دەیکرد.
لە شارە گەورەکانی ڕۆمای کۆندا کە هێزی کار زۆر بوو پیاو ناچارماڵانی گەسک دەدا و جلی دەشت و دەچووە سەر تەنوور و بەرگی ژنانەی دەدوری و شتی دەچنی و بۆن و گوڵی دەفرۆشت.
لە چین بە پێچەوانەوە لە بەر زۆری کرێکار و جووتیار تەنانەت لە کێڵگە و دارستانەکانیشدا هیچ جۆرە کارێک بەر ئافرەت نەدەکەوت. ئەمە نرخی ئافرەتی چینی لە هەموو چینێکی تر زیاتر هێنایە خوارێ. شارەزایان دەڵێن ملیۆنەها لە کچانی چین لە قۆپی(هۆڕ) و ڕووبار و دەریاکاندا خنکێنراون، یا سووک و ئاسان کراونەتە خۆراکی بەراز.
ئەوانەشیان کە ژیانیان بۆ دەنووسرا لەڕ و لاواز چاوەڕوانی مەرگی خۆیان دەکرد، تا خوشکێک بەدەم چەمۆڵەوە مستێک گەنمەشامی دەکردە کۆشی براکەی دەمستی دەقۆستەوە.
لە حەوت ساڵانەوە زەبری دایک بەسەر کوڕەوە نەدەما، هێلکە زێڕین دەهاتە ڕێزی ئاغایانی ناو ماڵ.
پیری و ناشرینی چنگێکی تریان کردە سەر مەینەتی ئافرەت. ئافرەت دەبوو کارێکی وا بکات هەمیشە لە بەرچاوی پیاو جوان و گەنج بنوێنێت، بۆیەکا ئەوەندەی عەقڵی بۆ مابووەوە هەمووی خستەکار تاکو چرچ و لۆچی دەموچاوی بشارێتەوە، بۆنی پیری لە خۆی دوور بخاتەوە.
بەو جۆرە ئافرەت فێری سوراو سپیاو و مێخەک و عەتر و سمڵ و دەموچاو هەڵگرتن و دەیان بەند و باوی تر بوو کە هێز نیە جارێکی تر لێیان دوور بخاتەوە با بەشێکیشیان بۆی خراپ بن.
لە تاو پیری ئافرەت فێری درۆیەکی گەورەش بوو: کەم کردنەوەی تەمەن پەرۆشی جوانی وای لە ئافرەت کرد ئامادە بێت ئازاری دۆزەخ وەک شەکراو بنۆشێت.
پاشایەکی چینی پتر لە 2600 ساڵ لەمەوبەر پێی بچووکی ئافرەتی پێ جوان بوو، ئەم کفرە گەورەیە وای لە دایکانی گشت چین و ماچین کرد بکەونە چەرِدانی پێی منداڵەکانیان بۆ ئەوەی گەورە نەبێت. ئەو نەگبەتانە دەبوو دە دوانزە ساڵ بەسەر یەکەوە ئازاری بێ ئەندازەی لە قالبدانی پێیان بچێژن. ساڵی 1911 میری ناچار بوو بە پێی یاسایەکی تایبەتی ئەو نەریتە ناشرینە قەدەغە بکات، ئینجا لەگەڵ ئەوەش ماوەیەکی تری پێ ویست تا ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی دوور، دەستیان لێی هەڵگرت.

هەزاران ساڵە شووکردنی کچی دانە بە کوڕی سەروسەکوت ناشرین یان بەڕەڵا تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی هەموو کۆمەڵێک بووە کەچی زۆر دەگمەن وا ڕی دەکەوێت لاوێکی قۆز کچێکی ڕەزاقورس بخوازێت، خۆ ئەگەر هاتوو شتێکی وا ڕوویدا ئەوا بێگومان زۆرزانێکی چاوبرسی خۆی بۆ میراتی کچە دەوڵەمەندێک ناوەتەوە. چیرۆکنووسی فەرەنسی بەناوبانگ (بەلزاک) (1799 - 1850) زۆر جار وەستایانە دیمەنی ئەو ڕاوکەرە هەلپەرستانەی بۆ کێشاوین کە دیسان نێچیریان ئافرەت بوو.

جاران لە ئەوروپا زۆر وا ڕێکدەکەوت کچێکی هەژار بۆ ئەوەی لە دەستی ئیفلیجێکی دەوڵەمەند ڕزگاری بێت دەبووە ڕاهیبە.

بە درێژای مێژوو هەموو ئاڵوگۆڕێکی ناو کۆمەڵ کەم یا زۆر کاریان کردۆتە سەر باری ژیانی ئافرەت، بەڵام وەکو سەدە ناوەنجیەکان هیچ کامیان لەو بارەیەوە نەیانتوانیوە بە ڕادەی پەیدا بوونی پەیوەندی سەرمایەداری کاری تێبکەن.

**سەرەتایەکی نوێ**

- ژیانی نوێی ئافرەت
- ئافرەت و کار
- ئافرەت و خوێندن
- مەدام کۆری
- خەباتی ئافرەتان
- شۆڕشی فەرەنسە و ئافرەت
- چیرۆکی خانمی لەندەنی
- داگیرکردنی هۆڵی پەرلەمان
- ئافرەتان و کۆشکی سپی

لە کۆتایی سەدە ناوەنجیەکاندا، واتە لەگەڵ سەرەتای چرۆکردنی پەیوەندی سەرمایەداری و زۆربوونی داخوازیەکانی ژیان، ئافرەت رووبکردە گەلێک کاری نوێ. چەند دێرێکی پارچەیەک هۆنراوەی ئەو سەردەمە کە کەوتبووە سەر زوبانی کچان دەتوانێت وێنەی باری قورسی ژیانی ئافرەتی ئەوسامان بە وردی بۆ بکێشێت. ئەو هۆنراوەیە بەناوی ئەو ئافرەتانەوەیە کە ئاوریشمیان دەچنی دەیگوت:

ئاوریشمی زۆر دەچنین
هیچیشی لێنابینین
هەژارین، رووت و قووتین
هەر برسین و هەر تینووین
نانمان گەر دەستکەوت بەیان
هیچمان نابێت بۆ شێوان

وەکو هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر دەبوو باری ژیانی ئافرەتیش، لە قۆناغی سەرمایەداریدا لە زۆر رووەوە بگۆرێت، تایبەت دوای شۆرشی پیشەسازی کە کارێکی ئەوتۆی کرد دەزگا ئابورییەکانی قۆناغی نوێ ئافرەتانی شاریشیان راکێشایە ناو رێزەکانی خۆیان. بەڵام ئەو ئاڵو گۆرە ئازادی نەکردە دیاری دەستی بۆ ئافرەت. ماوەیەکی دوور و درێژ گەلێک نەریت و سەرنجی قۆناغی دەرەبەگی دەربارەی ئافرەت هەر وەک خۆیان زیاتری ئافرەتیان بۆ سەرمایەداران خۆش کرد.
ئافرەت وەک و پیاو بووە کرێکار و دوایی فەرمانبەر، بەڵام نە لە رووی کرێ و مووچە و نە لە رووی مافی کۆمەڵایەتی و رووناکبیریەوە نیوەی ئەوی بۆ نەدەلوا، جگە لەوەی ئەرکی خاو و خێزانیشی وەک جاران بەسەر شانەوە مایەوە. لەبەر ئەوە ئەو نووسەرانەی دەڵێن ئافرەت یەکەم قوربانی شۆرشی پیشەسازی بوو لە راستی دوور نەکەوتوونەوە.
سەرەتای سەدەی نۆزدە لە وڵاتە پێش کەوتووەکان ئافرەت بە دەستە روویان کردە فابریقە و کارگە و دەزگا پیشەسازییە گەورەکان. بە وێنە لە فەرەنسە نیوەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەی چنیندا کاریان دەکرد ئافرەت بوون کە وەک هەموو کرێکارەکانی تر رۆژی بەلای کەمەوە دوانزە سەعات کاریان دەکرد، زۆر جاریش ماوەی کاری رۆژانەیان دەگەیشتە پازدە سەعات و زیاتر. ساڵی 1831 کرێکارانی کارگەی چنینی ئاوریشمی شاری لیۆنی فەرەنسە کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون هاوین لە سەعات سێی بەیانییەوە دەچوونە سەر کار تا تاریکایی شەو تەواو دادەهات، زستانیش سەعات پێنجی بەرەبەیان تا یازدەی شەو کاریان دەکرد، واتە رۆژی حەڤدە سەعاتی  رێک دەخرانە جێکاری تاریک و تەر و تووشاویەوە بۆیەکا ژمارەیەکی زۆریان بە دیق مردن. برسێتی و نەبوونی پاڵیان بە ئافرەتەوە نا، روو بکاتە هەر شوێنێک پولێک زیاتری لێ هەڵکرێنێت. لە ئینگلتەرە بە هەزاران ئافرەت بوونە کرێکاری کانە خەڵوزەبەردینەکانی لانکشایەر و یۆرکشایەر. چەوسانەوەی نامرۆڤانەی ئەو ئافرەتانە سەرنجی هەمووانی راکێشا. لە یەکێک لەو راپۆرتانەدا کە لە ساڵی 1842 دەربارەی کاری ئافرەت لە کانە خەڵوزەکانی ئینگلتەرەدا دانراوە بێ کەم و زیاد دەڵێت ئەو ئافرەتانە ناچار دەبوون وەک سەگ لەسەر دەست و پێ بەسکە خشێ عەرەبانەکان بەدوای خۆیان دا رابکێشن.

ئەو کچانەی تەمەنیان لە دە ساڵ کەمتربوو کاری کردنەوەو داخستنەوەی باگۆڕەکانیان دەدانێ، ئەو زارۆڵانە بەر لە هەمووان دەهاتنە سەرکار و دوای هەمووان دەگەڕانەوە ماڵێ.
گەرمای بێ ئەندازەی کانەکان ژن و پیاوی ناچار دەکرد پێکڕا بە ڕووتوو قووتی کار بکەن. شایانی باسە شەش سەدە زیاترە ئافرەتی ئینگلیز لە کانە خەڵوزە بەردینە زۆرەکانی باشووردا کاردەکەن.
چ لێرەو چ لە شوێنی تر ئافرەت وەکو پیاو کاری دەکرد و بە ڕادەی ئەو بەرهەمی پێشکەش دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەش زۆر دەگمەن کرێی ئەو لە نیوەی کرێی پیاو تێدەپەڕی. مەرایی کەران، ئەوانەی وشە و بیر دەفرۆشن، دەستوبرد پاکانەی ئەم جیاوازیکارییە ناشرینەیان لە چەند ڕستەیەکی پتەو داڕێژراودا پێشکەش کرد:
ئافرەت وەک پیاو ئەرکی بە خێوکردنی کەسی بەسەرەوە نیە! ئەو زانا پایە بڵندانە تەنانەت بێوەژنەکانیشیان لە بیر خۆیان بردەوە!.
ئافرەت دیسان پەنای بردە بەر مەکر و جامبازی: ژمارەیەکیان بەر لەوەی دابمەزرێن خۆیان دەکردە پیاو، تاس و لووس سەریان دەتاشی و چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر دەکرد و مەمکدارە بێبەختەکانیان توند سینەی خۆیان دەپێچاو دەنگی خۆیان گڕ دەکرد تا بگەنە پایەی پیاوەتی بەڵکو ئەمە خوایە بە ئاواتی ڕۆژانەی کرێکاری پیاو بگەن کە ئەویش بۆ خۆی بێ ئەندازە کەم بوو.
کەمی ڕۆژانە ئافرەتی لای خاوەن کارگەکان خۆشەویست کرد، زۆر جار وای لێ دەکردن بیانگۆڕنەوە بە پیاو، تایبەت بەوانە کە سەرکێشیان دەکرد. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی ڕق و کینەو دووبەرەکی لە نێوان کرێکاری ئافرەت و پیاودا. ماوەیەک کرێکاری پیاو بە گەرمی داوای دەکرد نەهێڵرێ ئافرەت توخنی کارگەکان بکەوێت، دەیانووت شوێنی ئاسایی کاری ئافرەت، هەر کارێک بێت، تەنها ناو ماڵە.
ئافرەت لە زۆر مافی تر بێبەری کرا. بۆ تەمەنی مێژوو دەبێت بڵێین تاوەکو دوێنێ ئێوارێ ئافرەت مافی خوێندنی نەبوو. تۆ بڵێی مێینە کەم تر لە نێرینە تینووی خوێندەواری بوبێت؟ کچێکی پۆلۆنی لە سەدەی چواردەدا و دەستە خوشکێکی ئیسپانی لە سەدەی حەڤدەدا گوتیان هەر کەسێک شەکری وای شکاند سەری دای لە بەرد!
هەردووکیان هێندە تینووی خوێندن بوون بە بەرگ خۆیان کرد بە کوڕ، ئەو ڕۆژەی بەو جۆرە گەیشتنە بەر دەروازەی زانکۆ پێیان وابوو جیهانیان پێ بەخشراوە. یەکەمیان بەخت بۆی نەهێنا، پاش دوو ساڵ خوێندنی ڕێک و پێک ڕۆژێکیان بەرزی سینەی سەرنجی سمێڵ بابڕەکانی ڕاکێشا کە بە هوها زانکۆ بەدەریان کرد!.
پاش دەوروبەری نیو هەزار ساڵ نەوەی ئەو کیژە ناچاربوون لە پۆڵۆنیا زانکۆیەکی نهێنی گەڕۆک دابمەزرێنن کە دواڕۆژی یەکێکیان پڕ بەدەم هاواری کرد: شەرمە ئافرەت لە مافی خوێندن بێ بەری بکرێت. ئەو یەکە زانای گەورە ماری کۆری بوو کە پیاوان بە شانازییەوە ساڵی 1911 لەسەر سینی زێڕ خەڵاتی نۆبڵیان پێشکەش کرد. بە هەمان دەستور ئافرەت مافی نەبوو نە خۆی و نە کەس بۆ پەرلەمان هەڵبژێرێت. لە زۆر شوێن مافی میراتیشی نەبوو. بەڵکو ئارەقی بێمافی ناڕەوا و جیاوازکاری بێ ئەندازە ئافرەتیان خستە سەر ڕێگەی خەباتی بێوچان لە پێناوی یەکسانیدا. سەرەتا ئەو خەباتە کۆک و ڕێخراو نەبوو، ناڕەزای ئافرەت لەو جۆرە کردار و ڕەفتارانەدا خۆی دەنواند کە چەند نموونەیەکیمان لە لاپەڕەکانی پێشوودا خستە بەر چاو. خەباتی بەرەبەرە پەرەی سەند و قاڵبی خۆی وەرگرت و بەو جۆرەش تێکەڵ بە ژیانی سیاسی گەلە پێشکەوتووەکانی جیهان بوو. یەکەم جار ئافرەت لە ڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆی گەلی

ئەمریکادا (1775- 1783) دەنگی بەرز کردەوە و داوای مافی هەڵبژاردنی کرد، تایبەت دوای ئەوەی شان بە شانی براکانی هاتە ناو کۆڕی خەباتەوە و بە ئەوپەڕی لە خۆبردنەوە ڕێگەی بۆ سەرفرازی گەل و ئازادی نیشتیمان خۆش کرد. هەنگاوی داهاتووی گەورەی ئافرەت لەم مەیدانەدا بەر ڕۆژگاری شۆڕشی فەرەسا کەوت کە ڕۆژی چواردەی تەموزی 1789 یەکەم ئاڵای بەسەر قەڵای باستیلەوە کەوتە شەکانەوە. ئافرەتانی فەرەنسە لە زۆربەی ڕوداوەکانی شۆڕشدا بەشداریان کرد و دەوریان لە مسۆگەر کردنی سەرکەوتندا بینیی.

دەوروبەری 8 هەزار سەوزە فرۆشی بازاڕەکانی پاریس و خوشکە کرێکارەکانیان ڕۆژی پێنجەم و شەشەمی تەشرینی یەکەمی ساڵی 1789 بۆ نان و ئازادی هێرشیان بردە سەر کۆشکی ڤێرسای ناودار، ئەو ڕۆژەی جەنابی ماری ئەنتوانێتی شازادە داوای کرد بە کێکی گوێزدار قۆڕەی سکی ئەو هەژارانە بوەستێنن! دەوەری ئافرەتانی فەرەنسە لە شۆڕشدا زۆر گەورە بوو، بە ڕادەیەک نووسەری ئەو تۆ هەیە دەڵێت ڕاستە پیاو باستیلی گرت، بەڵام ئافرەت وڵاتی ئازاد کرد.

ئافرەتانی فەرەنسە لە ڕۆژگارە گەورەکانی شۆڕشدا بۆ خۆشیان چالاکانە هاتنە دەست هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە یەکەم گۆڤار و یەکەم یانە و یەکەم ڕێخراوی ئافرەتان لە مێژوودا سەریان دەرهێنا. ئافرەت لە فەرەنسەی شۆڕش تێکەڵ بە کۆڕی ڕێکخراوە سیاسیەکانیش بوو، لە هەر شوێنێک بۆی بلوایە داواکانی خۆی پێشکەش دەکرد کە ئەوساکە بریتی بوون لە مافی خوێندن و هەڵبژاردن و جیابوونەوە لە مێرد و داوایەکی تری لەو جۆر و بابەتە.

بە داخەوە دیسان بەهاری ئافرەت زۆر کورت بوو، هەمووی بەسەر یەکەوە پێنج ساڵی نەبرد کاتێک سەردارانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە لە هەڵوەستەکەیان بەرامبەر ژن پاشگەز بوونەوە و کۆتایی ساڵی 1793 فەرمانی داخستنی سەرتاپای یانە و ڕێخراوەکانی ئافرەتانیان دەرکرد. ئەم کارە لە سەردارانی شۆڕشی فەرەنسە چاوەڕوان دەکرا چونکە زۆربەی هەرە زۆریان هێشتا یەکسانی ئافرەت و پیاویان پێ هەزم نەدەکرا. سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کە یەکێک بوو لە پیاوە گەورەکانی شۆڕش ڕووی دەمی کردە ئەو دەستە ئافرەتەی بە خێرێ وەک پشتیوان پەنایان بۆ هێنابوو، بە گرژییەکەوە فەرمووی: بۆچی سروشت مەمکی پێ بە خشیون تا ئێمە شیر بدەینە زارۆڵەکانمان؟ مە بەستی جەنابی سەرۆک ئاشکرایە: سروشت ئێمەی پیاوی بۆ دەرەوە و ئێوەی ئافرەتی بۆ ماڵەوە دروست کردووە.

بەڵام تازە کار لەوە ترازا کەس بتوانێت خۆی لە بەر لێشاوی خەباتی ئافرەتاندا بگرێت کە هەر ڕۆژەی لە شوێنێک و هەر جارەی بە شێوازێک خۆی دەنواند. هێشا فەرمان ڕەوایانی نوێی فەرەنسە بڕیاری داخستنی یانەکانی ئافرەتیان مۆر نەکردبوو کە کەمێک لەو لای سنوری ڕۆژئاوای فەرنسەوە، لە ئینگلتەرەوە دەنگی زوڵاڵی ئافرەتێکی پەرۆش بۆ مافی خوشکانی بەرز بووەوە. ساڵی 1792 لە لەندەن ماری ولستونکرافت (1759- 1797) کتێبێکی بە ناوی بەرگری لە مافی ئافرەتان ەوە بڵاوکردەوە کە تێیدا زۆر بە گەرمی و بە پشتیوانی بەڵگەی مێژوویی و قسە و بەراوردی ورد داوای دەکرد بێ دواخستن مافی ڕەوای ئافرەت بدرێت.

کتێبەکەی ماری کە دەستوبرد وەرگێڕدرایە سەر چەند زمانێک لە زۆر وڵاتی ئەوروپا دەنگی دایەوە و بووە هۆیەکی یاریدەدەری گرنگی تر بۆ دروست بوونی بزوتنەوەی ڕێخراو و سەربەخۆی ئافرەتان.

---

(1) ئەم قسەیە هی جان جاک ڕۆسۆیە.

یەکەم بزووتنەوەی ڕێخراوی ئافرەتان بە ناوی فێمیتیزم (Feminism) ەوە ناسرا کە لە وشەی (فێمینیا)ی لاتینییە و کە واتەی ئافرەتە، وەرگیراوە. لە فەرهەنگی زمانە ڕۆژئاوایەکاندا (فێمینیزم) (بزوتنەوە لە پێناوی یەکسانی ئافرەتاندا) دەگەیەنێت، ئەم بزوتنەوەیە، وەک وتمان، لەگەڵ شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا زیاتر خۆی گرت و دوا بە دوای ئەو پەلی هاویشت. ئامانجی سەرەکی فێمینیزم بریتی بوو لە جێ بەجێکردنی یەکسانی ئافرەتان لەگەڵ پیاودا. سەرەتا لایەنگرانی فێمینیزم ئەو یەکسانییەیان بە تەرازووی خوێندن دەکێشا، گەورەترین ئامانجی ئافرەت بە لایانەوە جێبەجێکردنی یەکسانی بوو لەو مەیدانەدا. لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی پیشەسازی و پەرەسەندنی کاری ئافرەتاندا ئامانجەکانی بزوتنەوەی یەکسانیش زیاتر بوون، ئینجا لایەنگرانی داوای یەکسانی ئافرەتانیان دەکرد لە کار و کرێدا، داوایان دەکرد دەرگای هیچ کارو پیشەیەک لە بەردەم ئافرەت دا دانەخرێت. پاش ماوەک دوای مافی یەکسانیشیان لە مەیدانی سیاسیدا کرد کە هەزاران ساڵە لەسەر پیاو تاپۆکراوە.
ئافرەت بۆ خۆشی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر تێکەڵ بە ژیانی سیاسی دەبوو، بە وێنە لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی 100 کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئافرەتان چالاکانە خەباتیان دژی ڕژێمی کۆیلەی باشوور دەکرد کە ئەو سالانە ببوە مەسەلەی سیاسی یەکەمی گەل و نیشتیمان. هەر ئەو دەوروبەرە ئافرەتانی ئینگلتەرە تێکەڵ بەخەباتی کرێکاران و دەستە و چینەکانی تر بوون و زۆر بە توندی دژی ئەو باج و سەرانە زۆرانە وەستان کە ببوە بارێکی قورس بەسەر خۆیان و خاو و خێزانیانەوە.
شۆڕشە گەورەکانی ئەوروپا لە 1848 و 1849 دا هێندەی تر ئافرەتیان بزواند. ژنانی فەرەنسا دیسان چەند یانەیەکی سەربەخۆیان دامەزراند کە داوای یەکسانی سیاسییان دەکرد. هەر ئەوساش کرێکاری ئافرەت لە فەرەنسە یەکە ڕێخراوی تایبەتی خۆیانیان دامەزراند. ساڵی 1848 لایەنگرانی بزوتنەوەی یەکسانی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکەم کۆنگرەی ئافرەتیان لە مێژوودا بەست و تۆماری مافی ئافرەتیان بڵاوکردوە کە بەڵگەیەکی گرنگی مێژوویی بزووتنەوەی ئافرەتانە. لەوساوە بەستنی کۆنگرەی ساڵانەی لایەنگرانی مافی ئافرەتان بووە کارێکی ئاسایی. هەمان کات ئافرەتانی بەریتانیا کەوتنە داواکردنی مافی هەڵبژاردن، تایبەت لەو سەردەمەدا پەرلەمانی ئینگلزی بۆ خۆی خەریکی چاککردنی یاسای هەڵبژاردنی گشتی بوو. ساڵی 1867 ئافرەتانی بەریتانیا داوایەکی ڕەسمیان پێشکەش بە میریی کرد کە تێیدا داوای مافی هەڵبژاردنیان دەکرد. ڕەت کردنەوەی ئەو داوایە پاڵی بە ئافرەتانی چەند شارێکی بەریتانیاوە نا، ژمارەیەک کۆمەڵەی داواکردنی مافی هەڵبژاردن دابمەزرێنن کە زۆری نەبرد لە یەکیەتی نیشتیمانی ئافرەتانی بەریتانیا دا کۆبوونەوە. ساڵی 1869 ئافرەتانی نیۆیۆرک و بۆستن ڕێخراوی سەربەخۆیان دامەزراند. زۆری نەبرد کە ئافرەتانی ئەڵمانیا و سویسرە و نەرویج و دانیمارک و کەنەدە و فەرەنسە و ئیتالیا یەک لە دوای یەک ئەوانیش ڕێخراوی تایبەتیان بۆ خۆیان دامەزراند. ساڵی 1888 ئافرەتانی ئەمریکا هەنگاوێکی گرنگی تر بۆ پێشەوە چوونی بەوەی ئەنجومەنی ئافرەتانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یان دامەزراند. هەمان ساڵ و دیسان بە هاندانی ئافرەتانی ئەمریکا ئەنجوومەنی ئافرەتانی جیهان دروست بوو. ساڵی 1904 یش یەکێتی ئافرەتانی جیهانی بۆ خەبات لە پێناو یەکسانی هەڵبژاردندا دامەزرێنرا. (ئێستە ناوی بووە بە - یەکێتی ئافرەتانی جیهانی- لایەنگرانی یەکسانی ماف و ئەرک).
زۆر ئافرەتی لێهاتوو چالاکانە تێکەڵ بە بزوتنەوەی یەکسانیی ئافرەتان بوون، وەک نووسەری فەرەنسەیی بە ناوبانگ جۆرج ساند (1804- 1867) کە زۆربەی چیرۆکەکانی (ڤالانتینا و لیلیا و جاک و ئەوانی تری) بۆ باسی باری نالەباری ژیانی کچ و ژنی تەرخان کردوون. شایانی باسە

چیرۆکەکانی جۆرج ساند تا ئێستاش سەرنج ڕادەکێشن. ئەم جۆرە چالاکیانە هێندەی تر ئافرەتی ئەوروپا و ئەمریکایان وریا کردەوە. تایبەت ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ژیانیش ئەوەندەی تر دەیبزواندن. لێرەدا پرسیارێکی ڕەوا خۆی قوت دەکاتەوە: ئاخۆ کام تاریک پەرست بێت ماف نەداتە ماری ولستەنکرافت و جۆرج ساند و ئەوانەی وەک ئەوان داوای یەکسانییان بۆ ئافرەت دەکرد؟ ئەم چیرۆکە کورتەی ژیان بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەگێڕمەوە کە خوام بکات نەبن:
خانمی لەندەنی ئەو بەیانیە خۆی تاس و لووس داو جزدانی بە پارە ئاخنی و بە لەنجە و لار بەرەو بازاڕ کەوتە ڕێ. پێی وابوو خوا جوانێکی تری وەک ئەوەی دروست نەکردووە. خوا هەڵ ناگرێ بەژن و باڵاو بۆن و بەرامەی سەرنجیان ڕادەکێشا. خانم هەوڵی دەدا وا نیشان دات سەیری کەس ناکات، بەڵام لە ژێرەوە بە پەنجە ئەوانەی دەبژارد کە زیاتر لێی ورد دەبنەوە، ڕێگەی بازاڕ دوو هێندە دوور بوایە بە خەیاڵیدا نە دەهات. لە کۆگاکان دەگمەن دەستی بۆ شت دەبرد، خۆی کەمی نەبوو. لە پڕ دەستێک جلی گەڕانی گران بەها سەرنجی ڕاکێشا، بێ سەوا فەرمانی پێچانەوەی دا. کە دەستی برد پارەکەی بدا، حەپەسا، جزدانەکەی پولی سووری تێدا نەمابوو. قیژەو هاواری خەڵکی بەسەردا داباراند. زۆری نەخایاند پۆلیسی وریای بازاڕ پارەی دۆزیەوە، بەڵام خانمی لەندەنی نەیتوانی هیچی لێ وەربگرێتەوە، یاسا دەیگوت پارە هی پیاوە نەک ئافرەت، دەبوو مێردەکەی لە تەکیدا بچێتە پۆلیسخانە بۆ وەرگرتنەوەی. ئەم کارە بە هەر تەرازوویەک بکێشین لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێت، کەچی تا سەدەیەکش لەمەوبەر ڕۆژ نەبوو پێشکەوتووترین کۆمەڵی ئەوروپا چەند ڕووداوێکی لەو جۆرەی خانمی لەندەنی بە خۆیەوە نەبینێت، ئەوەی هێندەی تر ئافرەتی شێتگیر دەکرد و پالێ پێوە دەنا سووربێت لەسەر داواکردنی مافەکانی، تاوای لێهات کەوتە سەر ڕێگەی خۆنیشاندان و کرداری تری سەرنج ڕاکێش. کار گەیشت بەوەی دەورەبەری کۆتایی 1908 دەستەیەک ئافرەتی خوێنگەرم بارەگای پەرلەمانیان لە لەندەن گرت و هەریەکەیان بە زنجیەیەکی قەف ئەستووت توندخۆیان بە کورسیەکانی ناو هۆڵی کۆبوونەوەوە بەستەوە. بە پۆلیس و بە ئاسنگەر بە چوار سەعات ئینجا توانیان بیان کەنەوە هەر ئەو دەور و بەرەش بوو کە هاوەڵەکانی ئەو ئافرەتانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەک هەر ڕۆژەی دەستەیەکیان لە واشنتۆنی پایتەخت دەچوونە بەر دەرگای (کۆشکی سپی) و کش و مات بێدەنگ بە سەرما و بە گەرما تا خۆر ئاوا دەبوو دەوەستان.
سەرەتا فەرمان ڕەوایانی ئەمریکا خۆیان لێ گێل دەکردن، لەوان وابوو بەو جۆرە وەڕس دەبن و دەست هەڵدەگرن. کە خۆگێل کردن دادی نەدا پۆلیس بە بیانووی تێکدانی هاتووچۆوە جار و بار یەک دوانێکیان لێ دەگرتن و لە واشەنتۆنیان دوور دەخستنەوە. هەر چۆنێک بوو ئافرەتانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەو کارەیان سەرنجی ڕای گشتییان ڕاکێشا و بە کاربەدەستانیان سەلماند کە ئامادە نین بە هیچ جۆرێک دەست لە خەبات هەڵگرن.
پەرەسەندنی بیر و باوەڕی سۆشیالیزم کە بە یەک چاو سەیری ئافرەت و پیاو دەکات بووە هۆیەکی تری بەهێزبوونی بزووتنەوەی ئافرەتان بەر لەوەی سەدەی نۆزدە کۆتایی بێت.
وەک دوایی باسی دەکەین زانا و خەباتکەرانی ئەم ڕێبازە وەستایانە مەسەلەی بۆ مافی ئافرەتیان تێکەڵ بە خەباتی سیاسی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک کرد، ئەو کارە سەرەتای ئازادی ئافرەتی نزیک خستەوە.

تیشکی ئازادی

- مافی خوێندن و هەڵبژاردن و جیابوونەوە.
- یەکەم دکتۆر و پارێزەری ئافرەت.
- داهاتی ساڵانەی ئافرەتی ئەمریکا.
- ئافرەتانی ژاپۆنیا.
- ئافرەتە خراپەکانی بەغدا.
- کێشەی جیابوونەوە.
- هیتلەر و ئافرەت
- ئافرەت لای ئەرستۆ و ڕۆسۆ.

گشت ئەوانەی باسمان کردن بەسەر یەکەوە، بێگومان لە سەرووی هەمووشیانەوە خەباتی بێوچانی ئافرەتان خۆیان، ڕێگەی سەرکەوتنیان بۆ مەسەلەی ڕەوای ئافرەت خۆش کرد. فەرمان ڕەوایانی وڵاتە پێش کەوتووەکان یەک لە دوای یەک ناچار بوون دان بە چەند مافێکی گرنگی ئافرەتدا بنێن کەوا لە خوارەوە چەند نموونەیەکمان لێ دەخەینە بەرچاو:
ساڵی 1847 لە بەریتانیا و، ساڵی 1874 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ساڵی 1892 لە فەرەنسە بە پێی یاسا ماوەی کاری ڕۆژانەی ئافرەت کرایە 10 سەعات (1) ئەمە بێگومان هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەو پێشەوە، بە تایبەت گەر ئەوە بێنینەوە یاد کە بەرز لەو ساڵانە زۆر جار ئافرەت نزیکەی 15 سەعات و زیاتریش کاری دەکرد.
دوا بە دوای ئەوە باری کاریشی کەمێک چاک کرا. لە ساڵی 1880 وە ئافرەتانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ساڵی 1889 وە ئافرەتانی ئینگلیز دەیانتوانی ببنە ئەندامی ئەو ڕێخراوانەی بەر لەوە لەسەر کرێکاری پیاو تاپۆ بوون.
لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەست کرا بە دامەزراندنی قوتابخانەی ناوەندی کچان کە تاماوەیەی زۆر مامۆستاکانیان پیاو بوون، هەر کچەی دەبوو یەکێک بیگەیەنێت و بیباتەوە. سەرەتا لێدان و پرسینەوە لەو قوتابخانانەدا نەبوو نەبا ببنە هۆی دروستبوونی پێوەندی لە نێوان مامۆستای پیاو و قوتابی کچدا، کچان هەر گوێیان دەگرت.
* ساڵی 1847 لە بەریتانیا، ساڵی 18874 لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ساڵی 1892 لە فەرەنسە بە پێی یاسا ماوەی کاری ڕۆژانەی ئافرەت کرایە 10 سەعات(1) ئەمە بێگومان هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەوە پێشەوە، تایبەت گەر ئەوە بێنینەوە یاد کە بەر لەو ساڵانە زۆر جار ئافرەت نێزیکەی 15 سەعات و زیاتریش کاری دەکرد. دوابەدوای ئەوە باری کاریشی کەمێک چاک کرا. لە ساڵی 1880 وە ئافرەتانی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، لە ساڵی 1889 وە ئافرەتانی ئینگلیز دەیانتوانی ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوانی بەر لەوە لەسەر کرێکاری پیاو تاپۆ بوون.
* لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە لە وەڵاتە پێشکەوتووەکان دەست کرا بە دامەزراندنی قوتابخانەی ناوەدنی کچان کە تا ماوەیەکی زۆر مامۆستاکانیان پیاو بوون، هەر کچەی دەبوو یەکێک بیگەیەنێت و بیباتەوە.سەرەتا لێدووان و پرسیەنەوە لەو قوتابخانانەدا نەبوو نەبا ببنە هۆی دروست بوونی پێوەندی لە نێوان مامۆستای پیاو و قوتابی کچدا. کچان هەر گوێیان دەگرت.

ساڵی 1840 زانکۆی زوتریخ ڕێگەی وەرگرتنی کچانی دا، بەڵام لە زۆر وڵات بۆ ئەوەی کچ و کوڕ تێکەڵ نەبن دەزگای خوێندنی بەرزی سەربەخۆ بۆ کچان کرایەوە. بەرە بەرە زانکۆ ناودارەکانی تری جیهان دەرگایان بۆ کچان کردەوە، بەڵام تاماوەیەک وەرگرتنیان دەبووە هۆی دروست بوونی کێشەی گەورە، جاری وا هەبوو کوڕان قاپییان لە کچان دەگرت و نەیاندەهێشت بچنە ژوورەوە.
* ساڵی ی1858 ژنی ئینگلیز مافی جیابوونەوەی لە مێرد پێ بەخشرا.
* ساڵی 1869 ئەو ئافرەتە ئینگلیزانەی باجیان دەدا مافی هەڵبژاردنی ئەندامی شارەوانیان وەرگرت.

---

(1) لە فەرەنسە سەرەتای ڕۆژی کاری ئافرەت کرایە یازدە سەعات و دوایی لە ساڵی 1904 کرایە دە سەعات.

* ساڵی 1918 هەر ئافرەتێکی ئینگلیز تەمەنی لە 30 زیاتر بوایە و دەرچووی زانکۆ یا کرێ گرتەی خانوویەک بوایە دەیتوانی لە هەڵبژاردنی گشتیدا بەشدار بێ. ساڵی 1919 ئافرەتانی ئەڵمانیا و دوای ئەوان بە ساڵێک ئافرەتانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمان مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت.
* لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ڕێگە بە ئافرەتانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درا ببنە مامۆستا. دوای ئەوان بە ماوەیەک ئافرەتی ئینگلزیش هەمان مافی وەرگرت. ئەم هەنگاوە ڕێگەی خۆش کرد کە یەک لە دوای یەک دەرگای کاری تریش بۆ ئافرەت بکرێتەوە.
* ساڵی 1848 مافی موڵکییەت درا بە ژنی مێردداری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
* ئافرەتانی فەرەنسا ساڵی 1907 مافی خەرج کردنی موچەو کرێی خۆیان پێدرا، تا ئەو ساڵە داهاتی ئافرەت موڵکی پیاو بوو، بۆ ئەو دەشیا هەموو پارەی ژنەکەی لە مەیخانەکاندا بسووتێنێت، بەڵام خۆی کە بە ئارەقی ناوچەوان پەیدای دەکرد بۆی نەبوو دەست بۆ پولێکی بەرێت.
هیچ گومان لەوەدا نیە وەرگرتنی ئەم مافانە هەنگاوی گەورە بوون چ لە ژیانی ئافرەتدا بە تایبەتی و چ لە ژیانی کۆمەڵدا بە گشتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم مافانە ناتەواو بوون و بەو جۆرە لەوانە نەبوون یەکسانی ڕاستەقینە بۆ ئافرەت مسۆگەر بکەن، بۆیەکا ئافرەت ناچار دەستی لە خەبات هەڵنەگرت.
نموونەی ناتەواوی ئەو مافانە زۆرە. بە وێنە یاسادانەری ئینگلیز نامەقوڵییەکی گەورەی کرد بوو بەوەی مافی هەڵبژاردنی دابووە تەنها ئەو ئافرەتانەی تەمانیان لە 30 ساڵ زیاتر بوو لە کاتێکدا ئەوە تەمەنەی بۆ پیاو هێنابووە سەر 21 ساڵان. وا دیارە بە لای ئەوەوە جیاوازی نێوان تەمەنی عەقڵی پیاو و ئافرەت یەک دەر سێ بوو! ئەو کارە بە ڕادەیەک ناشیرین بوو کە میریی بۆ خۆی دوای دە ساڵ ناچار لێی پاشگەز بووەوە. وا دیارە برادەرانی ئەو ئینگلیزە لە فەرنسا پێویستان بە سەد ساڵ لێکۆڵینەوە بوو بۆ ئەوەی مافی هەڵبژاردن بدەن بە ئافرەت، چونکە ساڵی 1848 وە ئەو باسە هاتە گۆڕێ بەڵام تاوەکو ساڵی 1944 بڕیاری لەسەر نەدرا.
ڕاستە ئافرەتی ئینگلیز، وەک وتمان، ساڵی 1858 مافی جیابوونەوەی لە مێردی خراپ وەرگرت، بەڵام تا ساڵی 1938، واتە لەماوەی 80 ساڵی ڕەبەقدا ئەو مافەی ئافرەت لە هی پیاو زۆر کەمتر بوو.
زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا یەک لە دوای یەک کەوتنە وەرگرتنی قوتابی کچ، بەڵام دوای دەرچونیان سەرەتا ئەو کچانە تووشی هەزار بێنە و بەردە بوون تا کاریان دەست دەکەوت. یەکەم ئافرەتی فەرەنسی کە لە ساڵی 1875 دوکتۆرای لە کاری پزیشکیدا وەرگرت پاش حەڤدە ساڵ چاوەڕوانی ئینجا دامەزرا. بڕیاری دامەزراندنی دەستە خوشکێکی پارێزەری سێ ساڵی خایاند. زۆربەی ئەم کۆسپانە لەگەڵ ئەقڵ نەدەگونجان بوونە بەشێک لە مێژووی ڕابردووی بزووتنەوەی ئافرەتان. خەباتی ئافرەتان و ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەکان زۆر بەرهەمی تریان دا، بوونە هۆی پساندنی گەلێک ئەڵقەی تری کۆت و زنجیری ئافرەت. وەک دیمان ئافرەت لە ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا تا دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش لە مافی هەڵبژاردن و خۆپالاوتن بێ بەری بوو، بەڵام ئەم دیمەنە بە خێرایی گۆڕا: ساڵی 1917 ئافرەتانی تەنها 6 ولات (نەمسە و نیویزلەندە و نەرویج و دانیمارک و فینلەندە و ئایسلەندە) مافی هەڵبژاردنیان هەبوو، لە ماوەی چوار ساڵدا ئەو ژمارەیە گەیشتە 17، بەڵام ساڵی 1970 گەیشتە 121، واتە لەو ساڵەدا ئافرەت 121 ولات مافی هەڵبژاردن و خۆپالاوتنیان هەبوو. ئافرەت لە جاران زیاتر سەربەست بوو، خوێندەوار و فەرمانبەری لە ناودا زۆرتر بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا تا ئیمڕۆکە ناتوانین باسی یەکسانی تەواوی ئافرەت و پیا و لە زۆری وڵاتە پشکەوتووەکاندا بکەین، چ جای سەرتاپای وڵاتە دواکەوتووەکان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە دیسان پەنا دەبەینەوە بەر چەند نموونەیەکی مانادار. سەرەتای حەفتاکان لە بەریتانیا 9 ملیۆن ئافرەت کاریان دەکرد، لەمانە ملیۆن و نیوێکیان موچە و کرێیان وەک هی پیاو بوو، ئەوانی تریان لە یەک جۆر کاردا لە پیاو کەمتریان وەردەگرت. لە شەستەکاندا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها 5% ی ئەو ئافرەتانەی کاریان دەکرد داهاتی ساڵانەیان وەک داهاتی مام ناوەندی کەسێکی ئەمریکایی بوو. هەر لەوێ ساڵی 1965 ڕۆژانە یا مانگانەی ئافرەتێک بە قەدەر لە 64% ی ڕۆژانە یان مانگانەی پیاوێك بوو. پاش پێنج ساڵ لەوەش نزمتر بوەوە، گەیشتە تەنها 85% ئافرەتە ڕەش پێستەکان 20% ی تر لەوە کەمتریان وەردەگرت.
لە وڵاتە سەرمایەدارەکان بێکاریی هەمیشە لە ناو ئافرەتاندا زیاترە وەک لە نێو پیاودا. ساڵی 1969 بێکاری لە ناو ئافرەتانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا خۆی دەدا لە نزیکەی 5% ،کەچی لە ناو پیاواندا لە 3% کەمتر بوو. کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان 85% ی نەخوێندەواری هەموو جیهان ئافرەت بوون. ڕاستە ئافرەت مافی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتنی وەرگرت، بەڵام هەمیشە ژمارەی ئەندامانی ئافرەت لە پەرلەمانی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتەکانی جیهاندا لە ژمارەی ئەندامە پیاوەکانیان بە سێ و چوار و دەقات کەمتر بوون و کەمترن.
لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوو ژمارەی ئەو ئافرەتانە تا دێت کەم دەبێتەوە. بە وێنە ساڵی 1946 هەمووی بەسەر یەکەوە 39 ئافرەت ئەندامی پەرلەمانی فەرەنسی بوون، کەچی ساڵی 1968 ژمارەیان هاتە سەر تەنها 6 کەس. لەوەش خراپتر: تاساڵی 1946-1947 یاسای ژاپۆنیای پێشکەوتوو بە یەک چاو سەیری ئافرەت و پیاوی نەدەکرد. دوای ئەوەی ساڵی 1946 مافی هەڵبژاردن بە ئافرەتی ژاپۆنیا درا ئەو ساڵە ژمارەی ئەندامە ئافرەتەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە گەیشتە 39 کەس، بەڵام سێ ساڵ وەرنەچەرخا کاتێک ژمارەیان هاتە سەر تەنها 12 کەس.
نموونەیەکی لەوەش سەیرتر: لە ساڵی 1923 وە ئافرەتانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا داوای یەکسانیی تەواو لەگەڵ پیاودا دەکەن. ساڵی 1972 کۆنگرێس یاسایەکی لەو بارەیەوە دانا کە تا ئیمڕۆش نەکەوتۆتە کار چونکە هێشتا دوو دەر سێی ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکان بڕیاریان لەسەر نەداوە، 15 ئەنجومەنیان دژی ئەو یاسایەن و گەر هیچ نەبێت دوانیان تا حوزەیرانی ساڵی 1982 بیری خۆیان نەگۆڕن ئەوا یاساکە پووچ دەبێتەوە.
ئەم جیاوازیە ناڕەوایە زیاتر لەو مەیدانانەدا خۆ دەنوێنێت کە پێویستیان بە پلەی خوێندنی بەرز و شارەزایی زۆرە. تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تەنها 1% ی زانایان ئافرەت بوون، واتە 91% ی زانایان و 93% پزیشکان و لە 97% ی پارێزەر و دادکاران و لە 99% ی ئەندازیارانی ئەمریکا پیاو بوون. بێ گومان ژمارەیەکی زۆر لە کێشە جەرگبڕەکانی کۆمەڵ ئەنجامی باری قورسی ژیانی ئافرەتن. لێرەدا بۆ دەرخستنی ئەنجامە خراپەکانی نەخوێندەواری و کەم خوێندەواری ئافرەت ئەم نموونەیە دێنینەوە: لە 88% ی ئافرەتە خەراپەکانی نەرویج نیمچە خوێندەوارن، لەوانەن کە ئەو پەڕەکەی قوتابخانەی سەرەتاییان تەواوکردووە یان چەند پۆلێکی ئەو پلەی خوێندنەیان بڕیووە. ساڵی 1957- 1958 نزیکەی 80% ی ئافرەتە خراپەکانی قاهیرە و لە 81% ی ئافرەتە خەراپەکانی لوبنان نەخوێندەوار بوون. چەند ساڵێک لەمەوبەر ژمارەی نەخوێندەوارانی ئافرەتەخراپەکانی بەغدا کە لە 5% یان تورکمان و لە 7% یان کورد بوون لەوانەی قاهیرە و لوبنان زیاتر بوون. با ئەوەش بڵێین کە 55% ی ئافرەتە خراپەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەوڵیان داوە خۆیان بکوژن. ئەوەی

بیەوێ تێدەگات ئەم ڕاستییە چەند ئاو دەکێشێت! (1).
لە لایەکی ترەوە جیاوازی توانای ئابووری لە نێوان ئافرەت و پیاودا یەکێکە لە هۆ گەورەکانی پەیدابوونی هاوسەری مەسڵەحەت کە ئەمیشیان بۆ خۆی بۆتە هۆیەکی سەرەکی زۆر بوونی جیابوونەوە لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا. ساڵی 1890 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر هەزار ژن خواستنی نوێ 55 جیابوونەوەی ژن و مێرد هەبوو. ساڵ بە ساڵ ژمارەی دواییان توندتر بین بڕکێی لەگەڵ ژمارەی یەکەمدا دەکرد: ساڵی 1900 جیابوونەوە بو77 و ساڵی 1911 بووە 91 و ساڵی 1920 گەیشتە نزیکەی 167 و ساڵی 1940 خۆی دا لە 200 و لە حەفتاکاندا 250 تێپەڕی کرد. زۆری ئەم ژمارەیە دوایی وای لە هەندێی نووسەر کردووە بڵێن کێشەی جیابوونەوە لە وڵاتێکی وەک فەرەنسەدا زۆر گەورە نیە، چونکە لەوێ ژمارەی جیابوونەوە لە هەزاردا تەنها... سەد و بیست و پێنجە.
ژمارەیەک لە زانایانی ڕۆژئاوا پاکانە بۆ جیاوازکاری نێوان ئافرەت و پیاو دەکەن. لایەنگری تێوری بایەلۆجی ئەو جیاوازکارییە بە ئەنجامی جیاوازی توانای لەشی ئافرەت و پیاو دادەنێت. فەیلەسوفی فەرەنسی ئۆگەست کۆمت(Comte ) (1798-1857) دەیگوت بێسانی ئافرەت لە کۆمەڵدا کارێکی ڕەوایە چونکە سروشت لەشی ئەوی لاواز دروست کردووە.
لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و زیاتر لە هەموویان لە ئەڵمانیا تیۆری سێ کافەکە دەنگی دابووەوە کە لە پیتی یەکەمی سێ وشەی ئەڵمانی وەرگێڕابوو: (Kirche, Kuche, Kinder) واتە کلێسە و موبەق و منداڵ. لایەنگرانی ئەم تێۆریە لەو باوەڕەدا بوون خوا ئافرەتی تەنها بۆ ئەو سێ کارە دروست کردووە: نوێژ و ڕۆژوو، چێشت لێنان لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵ. هەرچەندە ئەم تیۆرییە زوو ڕسوا بوو، بەڵام لە سیەکاندا هیتلەر ویستی گیانی بکاتە بە بەردا، بۆ خۆی لەو ڕۆژەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست (ساڵی1933) کەوتە سەندنەوەی زۆربەی ئەو مافانەی ئافرەتانی ئەڵمانیا بەڕەنجی شان و خەباتی بێوچان پێیان گەیشتبوون، هیتلەر نیازی بوو ئافرەت بکاتەوە بە دایەن و چێشتکەری ماڵ و کارەکەری کلێسە. جێگەی داخە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ڕووناکبیرە هەرە گەورەکانی مێژوو (ئەرستۆ و ئەبیقرات و جان جاک ڕۆسۆ و پرۆدۆن و گەلێکی تر) لە مەسەلەی ئافرەت دا خراپ تێکەوتوون و لەوێدا بیانەوێت و نەیانەوێت چوونەتە ڕیزی ڕووناکبیرە کۆنەپەرستەکان. بە لای ئەرستۆوە ( 384- 322 پێش عیسا) گەورەترین ڕووناکبیر و فەیلەسوفی سەردەمی کۆن، قوتابی و مامۆستای ئەکادیمیا ناودارەکەی ئەفلاتۆن، مامۆستای ئەسکەندەری مەگدۆنی، ژن هەر ژن بوو، فەیلەسوف و نووسەر و مۆسیقاری بەناوبانگی فەرەنسە جان جاک ڕۆسۆ (1712- 1778) کە بە بیرو باوەڕی وردی ڕێگەی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسە خۆش کرد لە کاتێکی درەنگی وەک ناوەندی سەدەی هەژدە دەیگووت:
ئەرکی ئافرەتان لە هەموو چەرخ و ڕۆژگارێکدا بریتییە لە هەوڵ و تەقەللا بۆ ئەوەی دڵی پیاو بن، خزمەتی بکەن و شایانی خۆشەویستی و ڕێزی بن.
ئافرەت بۆ ئەوە دروست بووە کە پابەندی پیاو بێت، بۆیەکا پێویستە زوو فێری خواردنەوەی زۆرداری بێت و گوێ نەداتە هەڵەکانی مێرد و سکاڵایان لە دەست نەکات. دیارە هەر لەبەر

---

بڕوانە :کریم محمد حمزە، البغاء السری فی بغداد، دراسە میدانیە،رسالە ماجستیر فی علم الاجتماع، بغداد،1974، ش 135

ئەوەش بەلای ڕۆسۆوە هیچ پێویست نەبوو کچ زوو بخرێتە بەر خوێندن. هەرچەندە باسی سەرنجی کلێسەمان سەبارەت بە ئافرەت کرد، بەڵام جێگەی خۆیەتی لێرەدا قسەی یەکێک لە قەشە گەورەکانی سەدە ناوەنجییەکان بهێنینەوە، یوحەنای دەم زێڕین دەیگوت هیچ کام لە دڕندەکانی سەرزەمین وەک ئافرەت زیانبەخش نیە. بەڵێ نازناوی جەنابی یوحەنا دەم زێڕین بوو یەکێک لە نەوەی بەوەفای ئەو دەم زێڕینە لە ناوەندی سەدەی بیسدا، بەڵێ لە ناوەندی سەدەی بیستدا نووسیویە دەڵێت درۆ و دەلەسە و مەرایی کردن، وان لە خودی سروشتی ئافرەتدا. ئەوەیە کە جەنابی زانای کۆمەڵایەتی ئەمەریکایی ئۆتۆبۆلاکە کە ساڵی 1950 کتێبێکی بەناوی (تاوانی ئافرەت) ەوە بڵاوکردۆتەوە.

یەکێک لە سەرچاوەکانی ئۆتۆ بۆلاک کتێبی (چەکوشی جادووگەران) ە کە لەساڵی 1487 واتە نزیکەی 500 ساڵ لەمەوبەر، دانراوە.

بەوەی باشە ژیان و مێژوو بێ بەزەیی بیروباوەڕی نالەبار زیندە بە چاڵ دەکەن. لە مەسەلەی ئافرەتیشدا بەڵگە زۆرەکانی هەردووکیان بەسن بۆ بەرپەچدانەوەی لایەنگری بێ سانیی مێینە و نێرینەن.

**وەڵامی ژیان و مێژوو**

- سەمیرامیس
- کلیۆباترا
- تەختی بەلقیس
- زەنوبیای تەدمور
- خۆڵەمێشی لاشەی جاندارک
- ئافرەتی ئەسپارتە
- قبوڵ
- مادام ڕۆلان
- ماری کۆری
- ئافرەتانی سۆڤییەت

بەڵگەکانی ژیان و مێژوو وا نیشان دەدەن کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئافرەت و پیاودا نییە و گەر هەشبێت دەستکردی کۆمەڵ خۆیەتی. سەردەمی هەرە زوو بە هیچ کلۆجێک جیاوازی لە نێوان مێنیە و نێرینەدا نەبوو، ئافرەت بەر لە دروستبوونی خێزان تەنانەت ڕاویشی دەکرد، ئەوساکە وەک پیاو بەهێز و بە توانا، چاوقایم و ئازا بوو.
دوای ئەوەش کە ئافرەت بە زۆر کرایە ئەندامی دووەمی کۆمەڵ و گەلێک مافی لێ سەندرایەوە و لە زۆر کار و ئەرکی گرنگ دوورخرایەوە و لە گەلێک پایە بێبەری کرا ئینجا هەر دەرفەتی بۆ هاتبێتەوە پێشەوە نیشانی داوە کە هیچی لە پێناو کەمتر نیە، وەک ئەو فەرمانڕەوایی کردووە و چۆتە جەنگەی شەڕەوە و بیری بۆ شتی نوێ چووە.
بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانە دیسان پەنا دەبەینەوە بەر چەند بەڵگە و نموونەیەکی ژیان و مێژوو.
شا مورامات کە بە هەڵە ناوی بۆتە سەمیرئەمیس دەوروبەری 2800 ساڵ لەمەوبەر بووە فەرمانڕەوای بە دەسەڵاتی ئاشوور و چەند شەڕێکی سەرکەوتووی کرد کە بەشی زۆریان لەگەڵ میدیەکانی باپیرەگەورەی کوردان بوون. سەمیرئەمیس کە هەتا هەتایە ناوی لە ناواندا دەبێت وەک دەڵێت بە شانازییەوە ئەم قسانەی لەسەر تاشەبەردێک هەڵکەندووە:
سروشت منی بە ئافرەت دروست کرد، بەڵام کردارەکانم بۆڕی کرداری پیاویان داوە، فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریی نەینەوام، بەر لە من هیچ ئاشوورییەک دەریای گەورەی نەبینیوە، بەڵام من بە چاوی خۆم چوار دەریا دەبینم کە وان لە ژێر دەسەڵاتمدا:
ئاخۆ کام خوێندەوار هەبێت ناوی شازادەی بەناوبانگی میسر کلیۆپاترای نەبیستبێ؟ وا بزانم کەس. بەڵام واشبزانم بە دەگمەن هەن بزانن کە میسر تەنها یەک کیلۆپاترای بەناوبانگی پێشکەش بە مێژوو نەکردووە.
ئەو کلیۆپاترایەی وەها دەنگی داوەتەوە کلیۆپاترای حەوتەمە کە هاوسەری دیۆنیسی پاشا بوو. کلۆپاترای حەوتەم و دیۆنیس کە پێکرا فەرمانڕەواییان دەکرد لە سەر دەسەڵات تێکچوون. ساڵی 48ی پێش عیسا خۆی و لایەنگرانی دوور خرانەوە بۆ سوریا، بەڵام ساڵی نەبرد کە کلیۆپاترا توانی بە یاریدەی یۆلیۆس قەیسەر بگەڕێنەوە سەر تەختی پاشایەتی میسر. یۆلۆس قەیسەر کوژراوی زیرەکی و وریایی و دونیا دیدەیی و شۆخیی کلۆپاترا بوو. کە ئەو کوژرا کلۆپاترا دەستی لەگەڵ مارک ئەنتۆنیۆ تێکەڵ کرد و ساڵی 37 ی پێش عیسا شووی پێکرد. پاش شەش ساڵ کە دوژمن زەفەری پێ بردن هەردووکیان خۆیان کوشت. داستانی ژیانی کلیۆپاترا سەرنجی نووسەرێکی گەورەی وەک شەکسپیری وەها ڕاکێشا کە یەکێک لە بەرهەمە ناودارەکانی خۆی بۆ تەرخان کرد. ژیاننامەی کلیۆپاترا و ئەو مارەی کە دەڵێن خۆی پێ کوشت بوونە هەوێنی بەرهەمی زۆر نووسەر و هونەرمەندی بەناوبانگی تر. بەڵام هەر وەک وتمان ژمارەیەک کلیۆپاترای تر بەر لە کلیۆپاترای حەوتەم بەشداریان لە فەرمان ڕەوایی میسری کۆندا کردووە. کلیۆپاترای یەکەم نزیکەی 150 ساڵ بەر لەو دەسەڵاتی وڵاتی بۆ ماوەی چەند ساڵێك گرتە دەست و لە مەیدانی کارگێڕیدا هیچی لە مێردەجوانە مەرگەکەی کەمتر نەبوو. کلیۆپاترای سێیەم (160-101 ) ی پێش عیسا ماوەیەکی دوور و درێژ شان بە شانی پاشای مێردی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتداری میسر و دەور و بەری بوون. بەلقیس بەر لە ئیسلام بە ماوەیەکی زۆر بۆ ماوەی پانزە ساڵی ڕەبەق تاکە فەرمانڕەوای یەمەن بوو، سەرچاوە کۆنەکان باسی دەکەن زۆر جار بە لای کەمەوە 100هەزار پیاو لە دوای ئەم ئافرەتەوە دەڕۆیشتن.

تەختی بەلقیس هێند ڕازاوە بوو سەرنجی زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی ڕادەکێشا.
مێژوونووس هەن دەڵێن گوایە بەندی مەئرەبی ناودار بە فەرمانی بەلقیس دروست کراوە. قورئانی پیرۆز بە درێژی باسی تەخت و بەخت و دەسەڵاتی نێوێنەی بە لقیسی کردووە.
کاتێک ڕۆمانەکان باڵێ باڵدار و ناڵی ناڵداریان دەشکاند زەنوبیای تەدمور(1) کە وادیارە لە جوانی دا کەم هاوتا بووە، توانی وەک پاڵەوان لە ناوەندی سەدەی سێیەمدا، واتە نزیکەی چوار سەدە بەر لە ئیسلام، بێتە مەیدانەوە و ئەوی بە کەم پیاو دەکرێت بیکات، ڕۆمانەکانی دەکرد و دەسەڵاتی خۆی گەیاندە میسر و سۆدان، شام و عیراق و ئاسیای بچووک لە دوا شەڕیدا زەنوبیا ساڵی 282 کەوتە دەست ڕۆمانەکان کە بەڕێزەوە ناردیانەوە وڵاتی خۆی.
جێگەی شیاوی جاندارک قوڵڵایی دڵی هەموو نیشتیمان پەروەرێکە. ئەم کچە جوتیارە کە چاوی کردەوە فەرەنسەی نیشتیمانی لە ژێر پۆستاڵی ئینگزی داگیرکەردا دەیناڵاند. تا ئەو نەهاتە مەیدانەوە کەس نەیتوانی شاری ئۆرلویان ئازاد بکات. باسی ئازایەتی و لە خۆبووردنی جاندارک کەوتە سەر زوبانی گشت لایەک، پاڵی بە هەزاران لاوی فەرەنسیەوە نا بێ ترس بکەونە گیانی دوژمن. بۆ خۆی هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە بوو تا لە شەڕێکی گەرمی نزیک پاریس بە تیری دووژمن پێکراو کەوتە دەست ژمارەیەک پیاوی ترسنۆکی خۆفرۆش کە بێ سەوا بە هەزار لیڤەر فرۆشتیان بە ئینگلیزەکانی دوژمنیان، جاندارک تا ئەو ڕۆژەی کڵپەی ئاگری داگیرکەر دوا هەناسەی ژیانی لێ بڕی (30 ی مایسی 1431) سەری بۆ کەس شۆڕنەکرد، خۆڵەمێشی لاشەی پیرۆزی زیاتر پیاوانی فەرەنسەی بۆ خەبات هاندا.
ئەوانەی لە ناو پاشا هەرە ناودارەکانی ئەوروپا دەتوانن شان لە شانی ئێلزابێتی بدەن زۆر کەمن. ئیلزابێت بۆ ماوەی 45 ساڵی ڕەبەق (لە 1588 ەوە تاوەکو 1603) فەرمانڕەوای ئینگلتەرەی لە باوک و برا وخزمانی باشتر کرد. ئیلیزابێت لە سەردەمی زۆر ناسکدا خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتی وڵاتەکەی، تەنانەت شووشی نەکرد هەرچەند هەموو میر و پاشای ئەوروپا شانازییان دەکرد گەر ئەو پێیان ڕازی بوایە. کاروباری وڵات لە ڕۆژگاری فەرمان ڕەوایی ئێلێزابێتدا وەها ڕێک و پێک و بێ کێشە دەچوو بە ڕێگەوە کە تا مردنی یەک جار سەرەک وەزیرانی نەگۆڕی. لە سەردەمی ئەودا بوو ئینگلیزەکان توانیان بگەنە ئەمریکا. هەموو ئەو قەرزانەی لەسەر وڵاتەکەیان بوو بیدەنەوە، کلک و باڵی پاشای لە خۆبایی بووی ئیسپانیا فیلیپی دووەم بکەن کە بەر لەوە بێ سوود هەوڵی دونیای دا بۆ ئەوەی ئیلیزابێت شووی پێ بکات.
ئافرەتە ئەسپارتەییەکانی یۆنانی کۆن شەڕ نەبێت کە کەوتبووە ئەستۆی مێردەکانیان ئیتر هیچ ئەرکێکی پیاو نەبووە بە ڕێک و پێکی بە جێێ نەگەیەنن. پیاوە ئەسپارتەییەکان دەگمەن دەکەوتنە ماڵ هەمیشە یان لە بارەگای لەشکر خەریکی مەشق یان لە وڵاتان مەشغوڵی شەڕ بوون. وەک مێژوونووسێکی ئەو سەردەمە باسی دەکات پیاوی ئەسپارتە فریا نەدەکەوتن تەنانەت منداڵەکانیشیان بەباشی ببینن، کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی و هەموو کارێکی تری ژیانی ئەسپارتە بە دەست ئافرەتەوە بوون. هی وایان هەبوو داهاتی ساڵانەی شانی لە شانی داهاتی ساڵانەی بودجەی دەوڵەت دەدا.
هەر بەو جۆرەش لە کاتی شەڕی دورودرێژی خاچداراندا زۆر جار ئافرەت جێگەی ئەو میرو پاشا و دەرەبەگە گەورانەییان دەگرتەوە کە بە خۆیان و لە شکریانەوە بەرەو فەلەستین دەکەوتنە ڕێ.
ناوچەی شامپێنی ناو فەرەنسە بۆ ماوەی چل ساڵ لە 1182 ەوە تاوەکو 1122 بە دەست ئافرەتێکەوە بوو.

(1) تەدمور 150 میل کەوتۆتە ئەولای دیمەشقەوە.

لە پێشکەوتووترین وڵات تا ناوەندی سەدەی حەڤدەش کەیبانوو گەر میوانێکی بهاتایە دەبوو بیباتە ژووری نوستنی، کەلەگی و دیوەخان هی پیاو بوون. بەڵام کە ئافرەتانی ئەوروپا چاوی کردەوە ئەویش دیوەخانی بۆ خۆی دامەزراند. ئافرەتە دەسەڵات دارەکانی پاریس و لەندەن کە خولیای یەکسانی کەوتبووە کەلەیانەوە قبوڵیان داهێناو هەر یەکەیان ڕۆژێکی حەفتەیان بۆ میوانداری هەڵبژارد. ئەوانەی کە دەچوونە ئەو دانیشتنانە تەنها بایەخیان بە ئارایشت و خۆڕازانەوە نەئەدا، بەڵکو دەشیانویست قسە بزانن و وە پیاوان دەنگیان هەبێت. واش بوو. لەو دیوەخانانەدا گەلێک ئافرەتی لێهاتوو دەرکەوتن، ئەوانەی وەک پیاو قسەزان بوون، وەک ئەو بیریان دەکردەوە و لە جیهان و دەوروبەر دەگەیشتن.
ئەم جۆرە نیمچە کۆبوونەوانە زیاتر ئافرەتیان بەرەو ژیانی سیاسیی برد. قسە بەرزەکەی مادام ڕۆڵان لە گەرمەی هەرا و بگری شۆڕشی فرەنسەدا، لەو کاتەدا کە تاوانبار و بێتاوان وەک یەک سەریان دەپەڕاێنرا، تا ئیمڕۆش لە شوێنی خۆیدا دەنگ دەداتەوە، گرمەی دێت، هەزاران داستان دێنێتەوە یاد:
ئەی سەر بەستی چەند تاوان بە ناوتەوە دەکرێت!

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە سەرداران و لایەنگرانی شۆڕش پێیان لە دیوەخانی مەدام ڕۆڵان نەدەبڕا و هەموویان بە ئەوپەڕێ ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیریان دەکرد. مادام ڕۆڵان بە تەواوی کاری کردبووە سەر جان ماری ڕۆلانی هاوسەری کە لە گەرمەی ڕووداوەکانی شۆڕشدا دوو جار بووە وەزیری کاروباری ناوخۆ. زۆری نەبرد مادام ڕۆڵان بۆ خۆشی بووە یەکێک لە قوربانیەکانی ئەو تاوانە گەورانەی بە ناوی ئازادی و سەربەستییەوە دەکران، ڕۆژی هەشتی تەشرینی دووەمی ساڵی 1793 سەری قرتێندرا، کە پاش دوو ڕۆژ جان ماری مێردی پێی زانی ئەویش لە داخانا خۆی کوشت.
ماری کۆریش ئافرەتێکی ناسراوی ترە کە لەگەڵ زانا گەورەکانی جیهان ناو دەبرێت. دۆزینەوەی ڕادیۆم بەرهەمی بیری وردی ئەو و پێری هاوسەریە. بەو دۆزینەوەیەی ماری کۆری کە خەڵاتی بەرزی نۆبڵی پی وەرگرت، هیوای نەهێشتنی نەخۆشی شێرپەنجە پەیدا بوو. ژیانی ڕۆژانە و کارە زانستیەکانی ماری کۆری تا ئێستاش سەرنجی نووسەران ڕادەکێشن. فرانسواز جێرۆی نووسەری فەرەنسی کتێبێکی سەربەخۆی دەربارەی ئەو زانا پایەبڵندە بڵاوکردۆتەوە، فرانسواز کتێبەکەی ناوناوە، ((ئافرەتێک کە جێگەی ڕێزە)).
تاقیکردنەوەی ئەو وڵاتانەی هەموو مافێکی ئافرەتیان داوە لە هەموو شت زیاتر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە جیاوازی لە نێوان نێرینە و مێنەدا نیە. هەر بۆ نموونە چەند ژمارەیەکی کەم لەم بارەیەوە دەخەینە بەرچاو. لە یەکێتی سۆڤییەت هەموو دەرگایەک لە کێڵگەکانەوە تا ئاسمان گەریی، بۆ ئافرەت خراوەتە سەر گازیی پشت، ئەمەش ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو کارەیە: ساڵی 1928 ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە یەکیەتی سۆڤییەت کاریان کردوە خۆی دەدا لە 208 ملیۆن کەس، ساڵی 1970 ئەو ژماریە گەیشتە نزیکەی 46 ملیۆن کەس.
لە شوورەی لە 51% ی کرێکار و فەرمانبەر و لە 54% ی ئەوانەی لە کۆڵخۆزەکاندا بە کشتوکاڵ یا پەروەردەی ئاژەڵەوە خەریکن ئافرەتن.
دیسان هەر لەوێ لە 47% ی ئەوانەی بەکاری زانستییەوە خەریکن و 72% ی مامۆستا و لە 31% ی ئەندازیار و 72% ی پزیشک ئافرەتن.
لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا پتر لە ملیۆنێک ئافرەت چەکیان هەڵگرت و دژی داگیرکەرە نازیەکان چوونە ناوجەرگەی شەڕەوە و ژمارەیەکی زۆر قوربانیان دا و گەلێکیان لە پێناوی

نیشتیماندا چوونە سەر پای قەنارە. ئەمانە و گەلێکی شتی تری وەک ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە مێینە هیچی لە نێرینە کەمتر نیە. لە ڕاستیشدا تا ئەمڕۆ هیچ بیرێک وەک سۆشیالیزم و بە ڕادەی ئەو یەکسان سەیری ئافرەتی نەکردووە.

## بیری سۆسیالیزم و ئافرەت

- ئەفلاتوون و ئافرەت
- ئافرەت لای ئیبن ڕوشد
- ڕێنیسانس
- تۆماس مۆر و کامپانیللا و فۆرێیی و بێبیل و ئافرەت
- جان دۆران و پردۆن
- ڕۆژی 8 ی مارت

دەبوو باری قورسی ژیانی ئافرەت لە زووەوە سەرنجی نووسەر و فەیلەسوفە گەورەکانی جیهانی ڕابکێشێت، تایبەت ئەوانەیان کە دڵسۆزانە بە دوای چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵدا دەگەڕان. ئەوانەی لە میسری کۆن دەمردن پارچەیەک کاغەزی بەردییان لەگەڵ دەناشتن کە ئەمەی تیا نوسرابوو:
کەسم نەکوشتووە، فرمێسکی کەسم نەڕشتوە، داوێنپیسیم نەکردووە، ئازاری بێوەژنم نەداوە، شیرم لە دەمی کۆرپە نەفڕاندووە... کەواتە گەورەکان ڕێگە بە مردو بدەن بێتە خزمەتتان.

فەیلەسوفی گەورەی یۆنان و جیهان ئەفلاتوون بەر لە نزیکەی 2300 ساڵ دەیووت هیچ جیاوازیەک لە نێوان نێرینە و مێینەدا نییە، گەر هەشبێت جۆرە نەک ڕادە، واتە لەوانەیە ڕادەی زیرەکی پیاوێک لە ئافرەتێک یان لە پیاوێکی تر زۆرتر بێت، هەروەک و چۆن دەشێت ڕادەی زیرەکی ئافرەتێك لە پیاوێک یان لە ئافرەتێکی تر زۆرتر بێت. لەبەر ئەوە ئەفلاتوون دەیگووت ڕژێمی سەرکەوتوو دەبێت بێ هیچ جۆرە جیاوازیەک لە کاروباری میری و گشت کارێکی تر بە ئافرەت و پیاو بسپێردرێت و وەک یەک بۆ هەموو ئەرک و فەرمانێک ڕابهێنرێت. تەنها یئەوەندەیە بەلای ئەفلاتوونەوە ئەو ئافرەتانەی کاریان پێ دەسپێردرێت دەبێت بە دەستووری پیاو لە چین و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵ بن.
فەیلەسوفی گەورەی عەرەب و ئیسلام ئیبن ڕوشد (1126-1198) تا ڕادەیەک ئاوابوونی خۆری شارستانێتی ئیسامی بەو بارە قورسەوە دەبەستەوە کە ئافرەتی تێکەوتو بوو.
لە سەردەمی ڕێنیسانس (نەهزە) دا کە ڕووناکبیرانی ئەوروپا ویستیان ئادەمیزاد لە کۆت و زنجیری سەدە ناوەنجیەکان ڕزگار بکەن و شوێنی شیاوی خۆی لە کۆمەڵدا بدەنێ ئافرەتیش وەک نیوەی مرۆڤ سەرنجی ڕاکێشا و سەنگی لە جاران زیاتر بوو. لای دانتی ی یەکەم نوسەری سەردەمی ڕێنیسانس پاتریس پۆرتیناری وەک ئافرەتێک هیچی لە جێرجیلی نووسەر و شاعیری گەورەی ڕۆمانیی کۆن کەمتر نەبوو. ئەنتۆنیۆ ئیڤانۆی ڕوناکبیری ئیتالی سەردەمی ڕێنیسانس لە ناوەندی سەدەی پازدەدا، واتە پتر لە 500 ساڵ لەمەوبەر دەربارەی ئافرەت نووسیویە و دەڵێت:
ڕاست نیە ئافرەت وەک دابەستە ببەسترێتەوە، لە ژیان دوور بخرێتەوە تا وای لێدێت وەک ئەوانەی ساڵەهای ساڵ لە بەندیخانەدا دەمێننەوە بە هەموو شتێک سەرسام دەبن.
ڕوناکبیرێکی ئیتالی تری هەر ئەو سەردەمە بە ناوی جیللیی دەیگوت نیوی کۆمەڵ کە پیاوە دەبێت دن بە تاوانی گەورەی خۆیدا بنێت و لێێ پەشیمان بێتەوە، چونکە پیاوان بە چاوی نۆکەر و کارەکەر و کەنیزەک سەیری ئافرەت دەکەن نەک وەک هاوڕێ، ئەمەش، وەک دەیگوت، کارێکە هیچ ئاژەڵێک ناکا بیکات.
زانای هەرە گەورە و مامۆستای هەموو دەزگا ئەکادیمیەکانی ئەوروپای سەردەمی ڕێنیسانس ئێرازموس (1466-1536) بە هەمان دەستوور سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشا چۆن هۆزو تیرە دواکەووتوەکانی ئە سەردەمەی ئەمریکای تازە دۆزراوە مێرد لەسەر جیابوونەوە سزا دەدەن نەک ژن.
لە سەردەمی ڕێنسانسدا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بیر و باوەڕی سۆشیالیزم سەری دەرهێنا.
یەکەم کەس کە دەرکی ئەو ڕێبازەی کرد تۆماس مۆری زانای گەورەی ئینگلیز بوو.
تۆماس مۆر (1478-1535) لەبەر ئەوەی زیرەک و شارەزا و خاوێنی وەک خۆی کەم بوون بووە ئەندامی پەرلەمان و پاش ماوەک کرایە ڕاوێژکاری یەکەمی پاشای ئینگلتەرە. مۆر کە مامۆستایەکی بەهرەمەند و پارێزەرێکی سەرکەوتوو بوو قەت حەزی لە کاری میری نەدەکرد، بەڵام پێی وابوو لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت دەور لە چاک کردنی باری خراپی کۆمەڵدا ببینێت. کە

ئەوە سەری نەگرت جلەوی دایە دەست خەیاڵ و بە نووکی خامەی ڕەنگینی دیمەنی کۆمەڵێکی بۆ کێشاین کە لە وێنەی نەبوو، کۆمەڵێک کە تۆماس مۆر دەیویست بێتە نموونەی ڕژێمی داهاتووی ژیانی ئادەمیزاد. مۆر ئەو کۆمەڵەی ناونا یۆتۆپیا کە لە دوو وشەی لاتینی پێکهاتووە بە هەردووکیان مانای ئەو شوێنەی نییە دەبەخشن.
لە یۆتۆپیا هیچ جۆرە جیاوازییەک نەبوو، هەمووان یەکسان بوون، وەک یەک کاریان دەکرد و وەک یەک دەژیان. بە پێی یاسای هەمان کۆمەڵ هەرچی جیاوازی بێ لە نێوانی ئافرەت و پیاوانی یۆتۆبیا نەبوو. ئافرەت لە کێڵگە و کارگە و کارگێڕی و فێرگە و لەشکر و هەموو شوێنێکی تر وەک پیاو کاری دەکرد. ئافرەتانی یۆتۆبیا مافی ئەوەیان هەبوو تەنانەت بشبنە قەشە و بەڕێوەبەری کار و باری کلێسە و پەرستگاکان. هیچ ئافرەتێکی یۆتۆپی خۆی بە جل شتن و چێشت لێنانەوە خەریک ناکات چونکە خۆشی بکوژێت ناتوانێت چێشتی بەلەزەتی وەک چێشتخانە گشتیەکان لێبنێت و جل و بەرگ وەک ئەو دەزگایانە بشوات کە بۆ ئەو کارە تەرخان کراون. ئاخۆ کام ئافرەت بێت حەز نەکات لەگەڵ هاوەڵەکانی بە دەم ئاوازی خۆشەوە لە کۆشکێکی ڕازاوەدا کاتی نان خواردن بەرێتەسەر.
ئافرەتانی یۆتۆپیا هەموو خوێندەواری تەواون، کاتی بێکاری بە خوێندنەوە یان وەرزش یا لێدانی ساتو سەمتور دەبەنە سەر، گاڵتەیان بە زێڕ و خشڵ دێت چونکە لای ئەوان کەلەپچە و ئاودەست لە زێر دروست دەکەن. هیچ کام لە ئافرەتانی یۆتۆپیا ئارایشت بەکارناهێنن لەبەر ئەوەی جوانی سروشت لایان لە سەرووی هەموو جوانیەکەوەیە، جگە لەوەی بە لای پیاوانی یۆتۆپیاوە یەکەم جوانی ڕەوشتە و دووەم جوانی دەموچاو.
شایانی باسە تۆماس بە پێی توانا کچەکانی بە گیانی یۆتۆپیا گۆش دەکرد بۆیەکا ببوونە نموونە و لە هەموو شوێن پەنجەی ڕێزیان بۆ ڕادەکێشرا. وا دیارە شارایی و زانیاری ئەو کچانە سنووری نەبووە، هەر لەبەر ئەوەش بوونە سەرچاوەی گرنگی ڕوونکردنەوەی ژییننامە و بەسەرهاتی باوکیان.
دیارە تۆماس مۆری گەورە کە لە هەموو شتێکدا وەک سەرنجی بۆ ئافرەت بەرز بوو، بۆ کۆمەڵی دواکەوتووی ئەوسای ئینگلتەرە دەستی نەئەدا، ڕۆژی 6 ی تەمووزی ساڵی 1535 لە یەکێک لە بەندیخانە تاریکەکانی لەندەنی پایتەخت سەری پەڕێنرا.
دوای تۆماس مۆر بە دەوروبەری نیو سەدە تۆمازۆ کامپانێللای ئیتالیایی (1568- 1639) لە شاری ڕۆژدا چمکێکی کردە سەر مافەکانی ئافرەتانی یۆتۆپیا بەوەی سەعاتی کاری ڕۆژانەی بۆ ئەوان و پیاوان کردە چوار لە بریی شەش و سەرتاپای ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵی خستە ئەستۆی دەوڵەت.
سەدەی هەژدە و نۆزدە بیری سۆسیالیزمی یۆتۆپی (1) زۆر پەرەی سەند. گشت سۆشیالیستە یۆتۆپیەکانی ئەو سەردەمەش، تەنها پرۆدۆن نەبێت، دانیان بە هەموو مافێکی ئافرەتدا ناوە و لە هیچ ڕوویەکەوە لە پیاویان جیا نەکردۆتەوە. باری ژیانی ئافرەتان لای شارل فۆرێی (1772- 1837) پێوانەی ڕاستەقینەی ئازادی کۆمەڵە. فۆرێێ دەیگوت هیچ کۆمەڵگایەکی ئەم جیهانە نە ئیمرۆ و نە سبەینێ مافی نیە بڵێت ئازادم تا ئافرەتەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە ئازاد نەبن، داد و دادپەروەری بێ باڵ و گیان دەمێنێتەوە تا سەرتاپای مافەکانی ئافرەت دەدرێن.

---

ئەو ڕێبازی سۆشیالیزمییەی زۆر زەحمەتە لەگەڵ ژیاندا بگونجێت بە ناوی کتێبەکەی تۆماس مۆرەوە ناونراوە سۆشیالیزمی یۆتۆپی.

ساڵیَ 1879 ڕوناکبیری ئەڵمانی ناودار ئۆگست بێبێل کتێبێکی بەناوی ئافرەت و سۆشیالیزم دەوە بڵاوکردەوە کە تێیدا باسی ژیانی پڕ ئەندێشەی ئافرەتانی وڵاتە سەرمایەدارەکان دەکات و بە گەرمی شۆڕشگێڕان هان دەدات پشگیریی لە مەسەلەی ڕزگاری ئافرەت بکەن و داوا لەمانیش دەکات ڕیزەکانیان ڕێک بخەن و بچنە ناو کۆڕی خەباتەوە بۆ جێبەجێ کردنی مافەکانیان. لە هەمان کتێبدا بێبێل زۆر بە توندی بەرپەرچی ڕاکانی پرۆدۆن سەبارەت بە ئافرەت دەداتەوە بیری سۆشیالیزم کاری کردە سەر ژمارەیەک ئافرەتی چالاک. یەکێک لەوانە جان دۆروانی فەرەنسەیی بوو کە ئافرەتێکی قسەزان و لێهاتوو بوو، لە هەر کۆڕێکی سیاسی بۆی بلوایە مەسەلەی ئافرەتی دەهێنایە پێشەوە. دۆروان زۆر چاک دەیزانی یاسای وڵاتەکەی ڕێگە ئافرەت ندات خۆی بۆ پەرلەمان بپاڵێوێت، لەگەڵ ئەوەش لە هەڵبژاردنی ساڵی 1849 خۆی پاڵاوت تەنها بەو نیازەی بە ناوی پروپاگەندەوە خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و باسی مافی ئافرەتیان بۆ بکات.

بەڵام هیچی نابێت بەو قسانەی بە پرۆدۆنی وتن. وەک وتمان پییێر جوزێف پرۆدۆنی فەرەنسەیی (1809-1865) تاکە سۆشیالیستی سەدەی نۆزدە بوو کە لەو باوەڕەدا بوو ئافرەت تەنها بۆ ناو ماڵ دروست بووە. پرۆدۆن لەم بارەیەوە قسەی قۆڕی زۆری کردووە، بەڵام جارێکیان جان دۆروان لە قافدا باش دەیگرێت کە بە تەوسەوە پێی دەڵێت:

ئەریَ جەناب زەحمەت نەبیَ پێم ناڵێیت کام پارچەی لەشتە تۆی کردۆتە یاسادانەر.

لە وەڵامدا جەنابی پرۆدۆن ڕەنگی سوور سوور وەک گۆمی خوێن هەڵگەڕا و هیچی تر!

بەرە بەرە ئافرەتانی ئەم ڕێبازە تێکەڵ بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی خەڵک بوون.

ساڵی 1871 ئافرەتانی فەرەنسە دەوری باشیان لە پاراستنی کۆمۆنەی پاریس دابینی. نزیکەی 10 هەزاریان لە پایتەخت ئازایانە هاتنە مەیدانەوە بۆ بەرگری لە کۆمۆنە بەرامبەر هێرشی دوژمن. ئەو ڕۆژانە ( یەکێتی ئافرەتان بۆ پاراستنی پاریس و چاودێری بریندارانی) دامەزرا. ژمارەیەک لەو ئافرەتانە لە شەڕی شەقامەکانی پاریسدا کوژران.

زۆری نەبرد کرێکاری ئافرەتی ئینگلتەرە و فەرەنسە و ئەڵمانیا ڕێکخراوی تایبەتییان بۆ خۆیان دامەزراند. ساڵی 1891 کرێکاری ئافرەتی ئەڵمانیا کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (GLECHHEIT) (گلایخایت- یەکسانی) کە کلارا تسێتکێن (1857- 1933) بۆ ماوەی 25 ساڵ لەسەر یەک سەرنووسەری بوو.

هەنگاوی داهاتووی گەورە لە سەرجەمی بزوتنەوەی ئافرەتاندا بەستنی یەکەم کۆنگرەی جیهانی ئافرەتە سۆشیالیستەکان بوو لە شتوتگارتی ئەڵمانیا ساڵی 1907 کۆنگرەی شتوتگارت دەستەی سکرتێرانی ئافرەتانی جیهانی بە سەرۆکایەتی کلارا تسێتکێن دامەزراند و ڕۆژنامەی گلایخایتی کردە ئۆرگانی. لە کۆتایدا بەشدارانی کۆنگرە بەیانیان بڵاوکردەوە کە تێدا داوای خەباتیان دەکرد بۆ یەکسانی مافی ئافرەت و پیاو لە هەڵبژاردندا. 11 ئەندامی کۆنگرە دژ و 47 یان لایەنگری ئەم بڕیارە بوون. دووەم کۆنگرەی ئافرەتانی جیهان ساڵی 190 لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک بەسترا. یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرەی کۆپنهاگن دانانی 8 ی مارت بوو بە ڕۆژی ئافرەتانی جیهان کە کلارا تسێتکێن پێشنیاری کرد. تا ساڵی 1914 ئافرەتانی هەر وڵاتە لە یەکێک لە ڕۆژانی مارتتدا یادی ڕۆژی ئافرەتیان دەکردوە، بەڵام ئەو ساڵە وا ڕێکەوت ئافرەتانی نەمسە و هۆڵەندە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەنگاریا و ڕوسیا و ئەڵمانیا و سویسرە و چەند وڵاتێکی تر پێکەوە 8ی مارت یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوە، لەو ساوە 8 ی مارت بە تەواوەتی وەک ڕۆژی ئافرتانی جیهان جێگەی خۆی گرت. ڕۆژی 8 ی مارت بزوتنەوەی ئافرەتانی زیاتر بۆ

پێشەوە برد. لەوساوە هەموو ساڵێک زۆربەی ئافرەتانی جیهان ڕۆژی 8 ی مارت بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکیش دەکەونە خۆ و دروشمەکانیان بڵاودەکەنەوە و کاری ساڵانەیان لە کۆڕی خەباتدا هەڵدەسەنگێنن.

یەکێک لە یادەکانی 8 ی مارت ئاگری شۆڕشێکی گەورەی لە ڕووسیا هەڵگیرساند. ئافرەتانی پیترۆگرادی پایتەخت 8 ی مارت ساڵی 1917 خۆنیشاندانێکی گەورەیان دژی شەڕ و ڕژێمی دووچاری برسێتی کرد، لەو ڕۆژەوە جەماوەری پیترۆگراد و شارە گەورەکان وا خرۆشان تا لە ماوەیەکی کەمدا تەخت و تاراجی نیکۆلایان تێکومەکان نەدا دەستیان هەڵنەگرت. هەموو ئەو ڕاستیانەی تا ئێستە باسمان کردن نیشانی دەدەن چۆن ئافرەت ڕێگەیەکی سەختی بڕی تا هاتە پێشەوە و بووە هێزێکی بزوێنەری دیاری کۆمەڵ. ڕاستە ئافرەت گەیشتووە بە گەلێک ماف و جێگەی شیاو، بەڵام تا ئیمڕۆش بە هەموو پلەیەک نەگەیشتووە.

## ئافرەتی ئیمڕۆ

- خەباتی نوێی ئافرەتان
- کێشەی تری ئافرەت
- جیابوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت
- کۆمەڵەی دوور خستنەوەی پیاو
- ڕۆژنامەی دان و نینۆک

بەسەرهاتەکانی شەڕی یەکەمی جیهان کۆسپێکی زۆریان هێنایە ڕێگەی بزوونەوەی ئافرەتان لەگەڵ تەواو بوونی ئەو شەڕەدا دیسان تێ هەڵچوونەوە. دوای شەڕ ژمارەیەک ڕێکخراوی تری ئافرەتان دروست بوو، وەک یەکیەتی فیدراڵی ئافرەتە زانکۆییەکانی جیهان ساڵی (1919 دامەزرا) و دەرگای کراوەی ئومەمیەت بۆ ئازاد کردنی ئابووری کرێکاری ئافرەت ساڵی 1929 دامەزرا و یەکێتی فیدراڵی ئەو ئافرەتانەی بە کاری سەربەستەوە خەریکن ساڵی 1930 دامەزرا.
هەمان کات بزوتنەوی ئافرەتان لە زۆر وڵاتی تردا سەری دەرهێنا، وەک میسر و لوبنان و تورکیا و چین و ئێران و ژمارەیەک وڵاتی ئەمریکای لاتینی.
لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە ئافرەتان کەوتنە بایەخدان بەو مەسەلە گەورانەش کە بەر لەوە بە کاری پیاو دادەنران، وەک مەسەلەی ئاشتی. بە وێنە ئابی 1934 دەوروبەری 1100 نوێنەری ئافرەتانی دەیان وڵات (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسە، ئینگلتەرە، یەکێتی سۆڤیەت، سویسرە، سپانیا، بەلجیکا و گەلێک وڵاتی تر) لە پاریس کۆنگرەیەکی گەورەیان دژی شەڕ و فاشیزم بەست. دوای نزیکەی چوار ساڵ ئافرەتانی جیهان بە هەمان دەستوور کۆنگرەیەکی تریان لە مارسێلیا بەست.
شەڕی یەکەمی جیهان بە ملیۆن کچی هەتیوو و ژنی بێوەژن کرد، دەیان هەزار ئافرەتی زەرد و سوور بوونە خۆراکی ئاگری شەڕ.
دیارە دوای ئەو شەڕە سامناکە دەبوو بزوتنەوەی ئافرەتانیش وەک هەموو دیاردەکانی تری کۆمەڵ هەنگاوی نوێ بەرەو پێشەوە بنێت.
کانوونی یەکەمی ساڵی 1945 یەکێتی دیموکراسی ئافرەتانی جیهان دامەزرا کە سەرەتا ئافرەتانی 39 وڵات تێیدا بەشدار بوون. چ ئەم یەکێتییە و چ زۆربەی ڕێخراوەکانی تری ئافرەتانی جیهان بایەخ دەدەن بە مەسەلە گرنگەکانی ژیانی ئیمڕۆی ئادەمیزاد، وەک مەسەلەی ئاشتی و ئازادیی و گەلان و خەبات دژی برسێتی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئەو جۆر و بابەتانە.
شایانی باسە دەمێک ساڵە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگتووەکان بایەخ دەدات بە بزوتنەوەی ئافرەتان و داواکانی. ساڵی 1969، بە وێنە، ئەنجومەنی ناوبراو لەسەر داواکانی ئافرەتانی جیهان بڕیاری نەهێشتنی جیاوازکاریی ئافرەتی بڵاوکردەوە.
لەگەڵ ئەوەش زۆر لایەنی کێشەی ئافرەت هێشتا چاوەڕوانی چارەسەر کردنن. لۆسیل مایەری سکرتێرەی گشتی کۆنگرەی ئافرەتانی جیهان کە لەساڵی 1980 لە کۆپنهاگن گیرا، بە ئاشکرا دانی بەوەدا نا کە لەم ساڵانەی دواییدا شتێکی ئەوتۆ بۆ ئافرەت نەکراوە. لە ڕاتیشدا وایە، تایبەت گەر سەیری جیهان بەسەریەکەوە بکەین. زۆر دوور نەڕۆین تا سەرەتای حەفتاکان نێزیکەی 85% ی ئافرەتانی ئەفریقا نەخوێندەوار بوون. ئێستاش جیاوازیەکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە نیە، هەرچەند پێمان ناوەتە کۆتایی سەدەی بیستەم.
بە شێکی زۆر لە ئافرەتانی جیهان دەزانن بنووسن و بخوێننەوە، بەڵام کەمیان خوێندەوارن. ڕەنگبێ لە هەزارا یەکی ئافرەتە هەرە خوێندەوارەکانی ئەو وڵاتانەی پێیان دەڵێن جیهانی سێیەم ڕۆژی چاوی بە ڕۆژنامەیەکدا نەخشێنن، یا ساڵی کتێبێک نەخوێننەوە. ئەو جۆرە خوشکانە بە ڕووکەش گەیشتوونەتە لق و پۆپەی پێشکەووتن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ داپیرە گەورەیاندا نیە. زۆربەیان ناوی هەموو بۆنە خۆشەکانی کارگە ناودارەکانی فەرەنسەیان لەبەرە، هەرچەندە قورسیشن، بەڵام کەسیان ناوی دوو بەرهەمی هیچ نووسەریکی گەورە نازانن، هەرچەند سوکیشن.
پاشماوەی ئەو جۆرە ئافرەتانە بوونەتە بار بەسەر شانی وڵاتە سۆسیالیستەکانەوە کە ئەوانیش گیرۆدەی گەلێک کێشەی ئافرەتن، وەک کەمی یا ڕادەنزمی باخچەی ساوایان. ڕاستە جیابوونەوە

لە یەکێتی سۆڤیەت لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان کەمترە، بەڵام تەنانەت لەوێش نیسبەتی ئەو جیابوونەوەیە ساڵ بە ساڵ بەرز دەبێتەوە. ساڵی 1960 جیابوونەوە لە هەزاردا 1.3 بوو، ساڵی 1965 بووە 1.6 و ساڵی 1970 بووە 2.6 و دوای سێ ساڵ گەیشتە 2.8.

لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان، وەک دیمان، هێشتا ئافرەت بە تەواوەتی و لە هەموو روویەکەوە یەکسان نیە.

بێزاری ئافرەتانی جیهان ئیمڕۆ لە زۆر شتدا خۆی دەنوێنێت. لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا هەر دەستە ئافرەتی وەرسن و رێخراوی تایبەتی بۆ خۆیان دادەمەزرێنن. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا تەنها لە فەرەنسە و ئیتالیا و ئینگلتەرە نزیکەی 50 رێخراوی ئافرەتانی لەو بابەتە دادەمەزرێنن.

هەر لەو جۆرە وڵاتانە ئافرەتانی وا پەیدا بوون کە بە هیچ جۆر چارەی پیاویان ناوێت. ژمارەیەک لە ئافرەتانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێکخراوێکیان دامەزراندووە ناوی کۆمەڵەی دوورخستنەوەی پیاوە.

دەستەیەک لە هاوبیرانی ئەو ئافرەتانە دیسان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵەی جهیانی ستەمی ئافرەتانی دۆزەخ یان دامەزراندووە. پەخش و نووسراوی ئەو رێخراوانەش زۆر دەگەیەنن. دان و نینۆک ناوی یەکێکە لەو رۆژنامانەی ئافرەتانی ئەمریکا بڵاویان دەکەنەوە. ئافرەتی شەڕانی ش ناوی یەکێکە لەو پەخشانەی خوشکەکانیان لە ئینگلتەرە چاپیان دەکەن. ئەگەر بێ مافی ئافرەتی کورد لایەنێکی باسی تێدا بێت ئەوەی شکور دەستی ناگاتە دان و نینۆک و ئافرەتانی شەڕانی و ئەو جۆرە دەنگانەی وا گڕبوون نووزەی ئاوازی ناسکی ئافرەتیان تێدا نەماوە.

ئافرەتانی کورد

- ئافرەتی کورد لای گەریدە ئەوروپاییەکان
- ئاواتی حاجی قادر و مەلای گەورە و گۆران و بێکەس قانیع و هێمن.
- زمانی خەسوو
- کچی خوێندەواری هەولێر و سلێمانی
- حەپسەخان و مینا خان
- کچانی زانکۆی بەغدا

گەڕیدە ئەوروپاییەکان گەلێکیان بە شان و باهووی ئافرەتانی کورددا هەڵداوە، بە ڕادەیەک جاروبار خۆمانمان لە بیر دەچێتەوە. وابزانم ئەو گەڕیدانە بێ نیازی خراپ کەمێک زۆر ڕۆیشتوون، وا دیارە کە لە کۆڵانە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونە ناو شاخ و داخە کراوەکانی کوردستانەوە کەمێک سەریان لێ تێکچووە بۆیەکا ئافرەتی کوردیان لە ئافرەتانی دەوروبەریان باشتر هاتووەتە بەرچاو.
ڕاستە ئافرەتی کورد پێ خاوس نیە، بەڵام ئافرەتانی هەموو ناوچە شاخاویەکانی جیهان هیچ کاتێک هیچ کامیان پێ خاوس نەبوون چونکە نە سەرما و سۆڵەی زستان و نە تەڵزمی بەردی شاخەکان ڕێگەی پێخاوسی نادەن. هەر ئافرەتێکی دەشتەکانی هیندستان بهێنیتە ناو شاخاکانی کوردستان دەبێت نان لە دەمی خۆی و زاڕۆڵەکانی بگرێتەوە تا پارەی جووتێ پێڵاو بۆ خۆی و ئەوان پاشەکەوت بکات.
بە هەمان دەستوور ئافرەتی لادێی کورد کەمێک لە ئافرەتانی لادێی چەند شوێنێکی تر پۆشتەترن، حەزیان لە ئاڵا و واڵا زۆرە، جل و بەرگیان دڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەمەشیان بەرهەمی سروشتە، ئەو ئافرەتە چاوی بە سەوزایی و شینایی و گوڵاڵە سوورەی دڵفرێن کردۆتەوە و هەمیشە ئەو ڕەنگانە دڵ و هەستیان بزواندووە. خۆ ئەگەر تەواو پۆشتەش نەبێت ئەوا بەرگەی بەفرانبارێک ناگرێت.
دیسان ڕاستە ئافرەتی لادێی کورد عەبا و پەچەی نەزانیوە، بەڵام هەر ئەوەمان مابوو ئەو ئافرەتانە بە عەبا و پەچەوە بە ناو دڕک و داڵی ناو کەندەڵان و چڕە داری لێڕان و لێشاوی ئاوی ناو گەلیەکاندا مەشکە و هەمانەی پڕ بگوێزێتەوە. هەر ئافرەتێکی عەجەم ڕێی بکەوتایە کوردستان دەبوو بەر لەوەی دەست بۆ هیچ بەرێ عەباو پەچەکەی فڕێبدات. بڕواننە سەیرانە تێکەڵەکانی ئیمڕۆش دەبینن باجی ڕەعنا و باجی مرووەت وەک کنێر و وەک ڤیان بێ عەبا و پەچە هاتووچۆ دەکەن.
مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە ئافرەتی کورد نە هیچی لە کەس زیاترە و نە هیچیشی لە کەس کەمترە. کە بێکەسە و تەنێ، گیرۆدەی دەستی زووڵم بووە، ئەوساکە وەک هەموو دەستە خوشکێکی گیرۆدەی تری دواکەوتوو دەبێت و شەقڵی ئەو دواکەوتنەی پێوە دیار بێت. وابزانم لە گەڵمان گەر بڵێم پێویستە کورد لە هەموو کەس زیاتر لە داڵغەی ڕۆمانیستەوە بە دور بێت.
ئافرەتی کورد، وەک هەموو ئافرەتی جیهان، بە درێژای مێژوو گیرۆدەی بێ مافی و زۆر و ستەمی کۆمەڵ بووە. ژمارەیەک لە داب و نەریتە هەرە ناشرینەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشەیان لە ناوماندا داکوتاوە. لە لادێکان هێشتا ژن بە ژن و شیربایی هەر ماون. تەنانەت لە شارەکانیش دەگمەن کچمان بە ئارەزوی خۆی شوو دەکات. مارەیی و پەڵپ و ناز و نووزی ماڵە کچ بوونەتە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم ژن خواستندا، قانیع حەقیە مارەبڕین ی ناو ناوە بە پارە کڕین. تا دوێنێ هەبوون شانازییان دەکرد کە تەنە لۆکە بەشێک لە نیشانەی ماڵە زاوا بوو، هەشبوون هەر بۆ ئەوە لیک بەڵغاوەیاندا دەهاتە خوار، نەیاندەزانی چۆن ئەو بیرتیژانە بدەن کە لۆکەیان کردە دیاریی دەستیان.
پەیوەندی نێوان بووک و خەسووی ئیمڕۆمان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕابردووماندا نیە، جاری وا هەیە خراپتریش بووە، بەڵگەش ئەو وشە نوێیەی ناو زمانی کوردییە کە بووکەکانمان ڕێک و پێک بۆیان داتاشیوین بەوەی سبار ی دڕک ژەهراوی عەرەبییان کردۆتە... (زمانی خەسوو).
بڕواناکەم پرۆفیسۆرەکانی زمان و ئەدەبی کوردی قەت بۆ زاراوێکی وا لەبار بچوونایە!
نە خوێندەواری باڵی ڕەشی بەسەر زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی کوردستاندا کێشاوە. ئەم نموونەیە لە ڕابردووی نزیکمان دێنمەوە:

ساڵی 1952 لە هەموو پارێزگای هەولێر تەنها 759 و لە هەموو پارێزگای سلێمانی تەنها 1332 کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی.
ئەوانەی هەولێر هەمووی بەسەر یەکەوە 39 و ئەوانەی سلێمانیش 49 مامۆستای ئافرەت دەرسیان پێ دەگوتنەوە. هەر ئەو ساڵە لە پارێزگای هەولێر 131.288 ئافرەتی نیشتەجێ هەبوون. ژمارەی ئەوانەی کە لە پێنج ساڵان زیاتر و نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە 107.940 کەس. هەمان ساڵ ژمارەی ئافرەتانی پارێزگای سلێمانی بێ کۆچەرەکانی خۆی دەدا لە 124.633 کەس، ژمارەی ئەوانەیان کە لە پێنج ساڵان زیاتر و نەخوێندەوار بوون گەیشتبوونە 101.886 کەس. لەبەر ئەوە هیچ سەیر نیە هەر ئەو دەوروبەرە لە پارێزگای هەولێر لە 824 منداڵی تازە لە دایک بوولە ساڵێکدا 522 یان و لە سلێمانی 523 منداڵیتازە لە دایک بوو 361 یان بە خاک سپێردران.
نامەوێت زیاتر دڵگیرتان بکەم بۆیەکا لەو ژمارە زۆرانەی دەربارەی پێش پەنجاکان کۆم کردوونەوە هیچیان بۆ ناهێنمەوە.
بە داخەوە تا ئەمڕۆیش ڕووناکبیرانی کورد، دەستەیەک شاعیریان نەبێت، وەک پێویست هەستیان بەم کەلێنە گەورەیەی ژانی گەلەکەیان نەکردووە، گەر نە گەڕابینە دواوە هیچ نە چووینەتە پێشەوە. کوردستان ی یەکەمین ڕۆژنامەت کوردی کۆتایی سەدەی ڕابردوو چەند جارێک لەو شوێنانەیدا کە بە ناوی ئاینەوە کوردی بۆ خوێندن هانداوە ئافرەت و پیاوی تێکەڵ کردووە، کەچی دوای نزیکەی نیوسەدە کون و قوژبنی ژمارەی ساڵێکی گۆڤارێکی وەک هاوار دەپشکنیت بێ ئەوەی هاوارێکی بۆ ئافرەتانی کورد تێدا بدۆزیتەوە. لەم مەیدانەدا، وەک زۆر مەیدانی تری ژیانی ڕووناکبیریمان، شاعیران بۆڕی ئەوانی تریان داوە(1) . نێر و مێ لای حاجی قادری کۆیی فەرقیان نەبووە. مەلای گەورە چەند جار لە شیعرەکانی دا بە وردی هاتووەتە سەر باسی ئافرەتی کورد، بۆ چاکە هانی داون و بە توندی ڕەخنەی لەو داب و نەریتانە گرتووە کە ئافرەت گیرۆدەیانن. مەلای گەورە وەک باوکێکی دووربین بەر لە هەمووان لە کۆیە کچەکەی خۆی خستە بەر خوێندن. بێکەسیش بە گەرمی ئافرەتی کوردی بۆ تێکۆشان و سەرپۆش فڕێدان هان دەدا.
لە چلەکاندا (نەسرین دەمێکە) ی بێکەس بووە سرودێکی نیشتیمانی ئازادیخواهانی کورد (دەوروبەری ناوەندی ساڵی 1944 کاک شەوکەت محەمەد ئاوازێکی ناسکی بۆ دانا). قەڵشی کوڵمی سوتاوی کچی لادێ و ڕەنجەڕۆیی کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا سەرنجی هێمنی موکریانی ڕاکێشا. گۆران توند و تیژترین دەنگی بێزاری لە باری پڕ جەور و ستەم و دواکەوتوویی ژیانی کوردەوە دەربڕیوە.
کەسمان نیە کە نەزانێت کە ئافرەتی کورد بەش بە حاڵی خۆی لە کۆڕی خەباتدا درێغی نەکردووە. لێرەدا تەنها چەند ڕاستییەکی کەم زانراو یا نەزانراو دەخەمە بەرچاو.
حەپسە خانی نەقیب ئافرەتێکی لێهاتوو بوو، لە بیست و سیەکاندا چەند جارێک نامەی تایبەتی ناردووە بۆ بارەگای یەکێتی نەتەوەکان لە جنێڤ و تێیدا باسی ئەو جەور و ستەمە زۆرەی کردووە کە بەسەر کورد هاتوون.

---

(1) دەربارەی ئەم باسە بڕوانە: مەحەمەدی مەلا کەریم، خەباتی شیعری کوردی لە پێناوی ئازادی ئافرەتدا، بەیان بەغدا. حوزەیرانی 1975. ل 2 -150

ئەو نامانە ئێستە بوونەتە بەڵگەی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێی گەلەکەمان. مینا خانی هاوسەری قازی محەمەدی نەمر لە ڕۆژگاری کۆماری مەهاباددا جێگەی حەپسەخانی نەقیبی گرتبووەوە. وا دیارە خەریکی دامەزراندنی یەکەم ڕێخراوی ئافرەتان بووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا کچە کوردەکانی زانکۆی بەغدا ئازایانە لە خۆپیشاندانە نیشتیمانیەکان و ئاهەنگە نهێنیەکانی نەورۆزدا بەشدار دەبوون. ئەم ناوانە بەشێکن لەوانەی بە چاوی خۆم دیومن و لە بیرمن خوالیخۆشبووان ڕووناک زوهدی و نەوزەر نوری، نازەنین ساڵح قەفتان، حۆری ی عەلی ئاگا، درەخشانی عارف نەجیب، شەوقیە ئەحمەد، درەخشانی شێخ جەلال، زەکییەی عومەری سام ئاغا، سورەیا محەمەد، نەزیرە ڕەشید، ناجیە مستەفا و گوڵشەن ڕەواندزی و ژمارەیەکی تر کە بە داخەوە نایەنەوە یادم.

هیوادارم باری ژیانی ئافرەتی کورد و مێژووی بزوتنەوەیان زیاتر سەرنجی نووسەرانمان ڕابکێشن و گەلێک بەرهەمی تری وەک ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ی کاک سەباحی غالیب و خەباتی شیعری کورد لە پێناو ئازادی ئافرەتاندای کاکە حەمە و ئافرەتی لادێی کوردی  کاک بورهان قانیع بەشێک لە کەلێنەکانی کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە.

«.........»

# پێڕست


**پێشەکی** 2

**بەهاری کورتی ئافرەت** 4

ئافرەت و کشتوکاڵ

پەیدابوونی خێزان

مێردزۆری

چۆن باوک منداڵی خۆی ناسیەوە

کەڕ و لاڵەکانی ڕۆژهەڵات

**ڕۆژی ڕەشی ئافرەت** 8

داوێن پیسی

عەبا و پەچە

کوڕپەرستی و ژن زۆری

کۆرنێللا و میسالینا

مەکر و جامبازی ئافرەت

پیاوانی ژنانی

دیوەخان و چایخانە

حەمامی ژنان

سوراو و سپیاو

**سەرەتایەکی نوێ** 16

ژیانی نوێی ئافرەت

ئافرەت و کار

ئافرەت و خوێندن

مادام کۆری

خەباتی ئافرەتان

شۆڕشی فەرەنسە و ئافرەت

چیرۆکی خانمی لەندەنی

داگیرکردنی هۆڵی پەرلەمان

ئافرەتان و کۆشکی سپی

**تیشکی ئازادی** 22

مافی خوێندن و هەڵبژاردن و جیابوونەوە

یەکەم دکتۆر و پارێزەری ئافرەت

داهاتی ساڵانەی ئافرەتی ئەمریکا

ئافرەتی ژاپۆنیا

ئافرەتە خراپەکانی بەغدا
کێشەی جیابوونەوە
هیتلەر و ئافرەت
ئافرەت لای ئەرستۆ و ڕۆسۆ

**وەڵامی ژیان و مێژوو** 28
سەمیرامیس
کلیۆپاترا
تەختی بەلقیس
زەنوبیای تەدمور
خۆڵەمێشی جاندارک
ئافرەتانی ئەسپارتە
قبوڵ
مادام ڕۆڵان
ماری  کۆری
ئافرەتانی سۆڤیەت

**بیری سۆشیالیزم و ئافرەت** 23
ئەفلاتوون و ئافرەت
ئافرەت لای ئیبن ڕوشد
ڕێنسانس
تۆماس مۆر و کامپانێللا و فۆرێی و بێبل و ئافرەت
ڕۆژی 8ی مارت

**ئافرەتی ئیمرۆ** 38
خەباتی نوێی ئافرەتان
کێشەی تری ئافرەت
جیانوونەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت
کۆمەڵەی دوورخستنەوەی پیاو
ڕۆژنامەی دان و نینۆک

**ئافرەتی کورد** 41
ئافرەتی کورد لای گەریدە ئەوروپیەکان
ئاواتی حاجی قادر و مەلای گەورەو گۆران و بێکەس و قانیع  و هێمن
زمانی خەسوو
کچی خوێندەواری هەولێر و سلێمانی
حەپسەخان ومینا خان
کچانی زانکۆی بەغدا.